# سیروان سیرینی:

# کە سەیری مۆسیقای کوردی دەکەم خەم دامدەگرێ، دەبێ لە سفرەوە دەست پێبکەینەوە

(سیروان سیرینی) مۆسیقاژەن و ئەندامی دوێنێی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، سۆلویست و ئەندامی ئەمڕۆی فیدراسیۆنی میوزیکزانانی ئەمریکاو کەمانچەژەنی یەکەم لە کێن وود سیمفۆنی ئۆرکێستر، ناوێکی ناسراوی دنیای مۆسیقای کوردیە، ئەو لە رواندزەوە بۆ یەکەم جار پەنجەکانی کەمانچە ئەگرن و بە یەکەم ئاواز و نۆتەی مۆسیقا ئاشنا دەبێ، دواتریش بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێ.. سیرینی ئێستا لە ئەمریکا دەژی و بەم دواییەش بە چەند پرۆژەیەکی هونەری گەڕایەوە کوردستان، ( کۆوار) لە رێی ئەم هەڤپەیڤینەدا سەربوردەی مندالّی و قۆناغەکانی ژیانی هونەری و جێهێشتنی ولات و هەنگاوە بەراییەکانی تێکەلّبوونی لەگەلّ ئۆرکێسترای ئەمریکی و چەند بابەتگەلی دیکەی پەیوەندار بە دونیای مۆسیقا، بە(سیرینی) دەگێڕێتەوە.

**کۆوار**



**کۆوار: رەنگە یەکێك لەو وێستگانەی کە هونەرمەند هەمیشە لە خەیالّی بۆی دەگەڕێتەوە، ( منالّی )بێ.. ئەکرێت بۆ ئێوە مانانیش منالّی سەرەتای کاری هونەریتان بێت، ئەکرێت لەو دیووەوە دەستپێبکەین؟**

سیروان: سەرەتای کاری هونەریم بۆ ئەو دەمانە دەگەڕێتەوە، کە لەگەلّ کۆمەلّێك منالّ و لە ژوورێك لەسەر دەستی مامۆستا( زرار محەمەد مستەفا) ئەلف و بێی مۆسیقامان ئەخوێند، بۆ من جێگای شانازییە، کە هەموو دەمێ باس لە گەورەیی (مامۆستا زرار)ئەکەم، خۆ ئەگەر ئەو نەبوایە ئێمە نەماندەزانی مۆسیقا چییە.

رەنگە قورس بێت باس لەو رۆژانە بکەم، ئەو سەردەمە (مەبەستم سالّی 1977)ە، مۆسیقا پڕ بایەخ نەبوو، جگە لەوەش لای خەلّکی جێگای شەرم بوو و پێیاندەگووت (چاوەش)یی، ئەو جۆرە شەرمە پەڕیبووە لای باوکیشم، کە هەمیشە پێی ناخۆش بوو مۆسیقام دەخوێند، ئەو حەزی دەکرد ببمە فەرمانبەر، نەوەك مۆسیقا ژەن. بە واتایەکی تر بلّێم ئەو خێلّەکیەتەی خێزانی ئێمە، هەمیشە رێگربوو لەبەردەم کارکردنی من لەبواری مۆسیقا، بەلاّم خۆشەویستی من بۆ مۆسیقا پتر رێگەی بۆ رۆشن کردم، هەرچەندە لەدەرەوەی بیرکردنەوەی من خەلّکی بەردەوام بە باوکمیان دەگووت، کوڕەکەت شتێکی باش ناکات.

من لێرە نموونەیەك دێنمەوە، کە هەنگاوێکی باش بوو بۆ کارکردن و بەردەوام بوونم لە مۆسیقا، ئەویش کاتێك لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەرچووم، ویستم بچمە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، بۆیەش پێویستیم بە بەلّگەنامەی شوێنی دانیشتن هەبوو، ئەو کات (شێخ سلێمان) دادنووس بوو، هەرچۆنێك بێت بە زۆر تکا باوکم بردە لای ئەو پیاوە، لەوێ (شێخ سلێمان) بە باوکمی گووت ئەو رێگەیەی کە کوڕەکەت گرتوویەتیە بەر رێگەیەکی پیرۆزە، پێش 300 سالّ لەمەوبەر (بتهۆڤن) گرتیەبەر و ئێستا ناوی لە مێژوودایە، ئەو قسانەی ئەو پیاوە باوکمی هێورکردەوە، دوایش کە زانی کۆمەلّێك لە کوڕەکانی وەك (سالّحی حاجی نەورۆز و غازی شاکر ئاغا و چەندانی تر) کە ناوداری رواندزێ بوون دێنە پەیمانگا، رازی بوو..

هەرچەندە من نە ئێستا و نە ئەوکاتیش لە باوکم نەدەگرت، چونکە نەخوێندەوار بوو، بەلاّم سەیرەکە لەوەدابوو ئەو تێڕوانەی، کە (مۆسیقا سوکایەتییە) لای هەندێك لە پیاو ماقولاّنی رواندزێش هەبوو، بەهەر حالّ ئەوە وای کرد زێتر لەو بوارە کار بکەم، تا وای لێهات ناوم لە (چاوەش)ی جاران گۆڕا بۆ ئەو پیاوەی کە جێگەی شانازییە، راستیەکەشی ئێستەشی لەگەلّ بێت، شانازی بە هونەرەکەی من دەکەن.

**کۆوار: وێڕای تێڕوانینی باوکت بۆ کارکردنی تۆ لە بواری مۆسیقا، ئایا لەو سەردەمدا هیچ کەسێك پالّپشت و یارمەتی دەرتان بوو بۆ بەردەوامیتان لە کاری هونەریی؟**

سیروان: جگە لە دایکم و (مامۆستا زرار) کەسی دیکەم بیر نایەت یارمەتی دەرم بێت، نا هەرگیز کەس یارمەتی نەداوم و پالّپشتی لێنەکردووم.

**کۆوار: لەدەرەوەی ژیانی مۆسیقا، منالّیت لەو سەردەمە چۆن ئەگوزەراند، بە تایبەتی کە هەمووما ئەزانین منالّی وێستگەیەکی گەورەیە لای هونەرمەندان، کە هەمیشە بۆی ئەگەڕێنەوە؟**

سیروان: من لە منالّییەوە هەستم بە بەرپرسیاریەتی ئەکرد، بیرم نایەت رۆژێك دلّی دایك و باوکم رەنجاندبێ، ئەوان بەردەوام خۆشیان دەویستم و باوکم دەیگووت (سیروان برا گەورەی منە).

ئەو شتانە وایان لێدەکردم بەردەوام لە مندالّیمەوە هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەم و بخوێنم. بەردەوام دەمخوێند و زیرەك بووم، ئەو زیرەکیەم وای لێکردم بچمە دوای مۆسیقا. ئاخر بیرت نەچێت کاتێك خولی فێربوونی مۆسیقا لە سالّی 1977 لە رواندز کرایەوە، تەنها قوتابیە زیرەکەکانیان بردن بۆ خولەکە، لێرەوە دەلّێم ئەگەر زیرەك نەبوومایە، فێری مۆسیقا نەدەبووم، هەروەك چۆن ئەلّێم ئەگەر مۆسیقا نەبوایە کەسێکی دۆڕاوم لێدەردەچوو.

**کۆوار: بەو پێیەی مالّت لە تەك خەرەند و رۆژانە دەتبینی، بیرەوەری و یادگاریەکانی تۆ لەسەر خەرەند چ مانایەك دەبەخشن.. بە تایبەت کە گەورەترین هاموشۆت لەگەلّ دونیای قەشەنگی مۆسیقایە؟.**

سیروان: خەرەند بۆ من مانای گەورەی هەیە، لە خەرەند پڕاو پڕم لە بیرەوەری.. بیرمە کە بێتاقەت دەبووم، بەردەوام دەچوومە سەر

خەرەند، لە بەرامبەری ئەوەستام و تێر تێر سەیری قوولاییم دەکرد، بەردەوام بۆ ماوەی 30ساڵ لەگەڵی دەئاخڤیم، بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانم بڵێم شوێنی ئیلهامم بوو.

لێرەوە فرسەتم بدە لەتەك خەرەند باسی ئەو ماڵە بچووکەی خۆمت بۆ بکەم، ماڵی ئێمە کە باوکم دروستی کرد و من بەو منالیە لە بەردکێشان یارمەتیم دەدا، ئەو ماڵە بەتەنها ژورێك بوو لەگەڵ هەیوانێك، ئەو ژوورە چێشتخانە و ژووری نووستن و ژووری میوان بوو، سۆپایەکی داری تێدابوو، ئەگەر میوانمان هاتبان، دەبوایە لەگەڵ ئەوان لەو ژوورە بخەوین، ماڵێك بێئەندازە هەژار، بەلأم هەمیشە لێوان لێو لە خۆشەویستی، خودی ئەو خۆشەویستیە هەوێنی ئیلهامی من بوو.

**کۆوار: بچینەوە سەر قوتا بخانە، ئایا چ جیاوازییەك لە نێوان مامۆستایانی ئەو کات و ئێستا دەبینی، بە تایبەتی ئەو کات لە رواندزێ مامۆستاکان لەلای خەڵکی نامۆ نەبوون و دەناسران، ئایا ئەوان بە رۆحی دۆستایەتی مامەڵەیان دەکرد؟ بۆچی؟**

سیروان: ئەو کات سیستەمی پەروەردە زۆر جیاواز بوو وەك ئێستا، ئەو کات مامۆستا تورەو قوتابیش گوێ رایەڵ.. مامۆستا هەموو شتێك و قوتابیش بێدەنگ.. جگە لەمەش کە لە قوتابخانە تەواو دەبووین، دەبووایە خۆمان لە دەرەوە لە مامۆستا بشارینەوەو نەمانبینێ، من بیرم نایەت لە قوتابخانە لەسەر شتێك کە پەیوەندی بە تەمبەڵی یان ناپاکی منەوە هەبێت تێمهەڵدرابێ، بەلأم هەمیشە قوربانی ئەوانی تربووم و زۆر جار لەسەر ئەوانی تر دارکاری دەکرام.. لێرەوە دەڵێم ئەو پیادەی ئەوسا لەسەر سیستەمی خوێندن سەقەت بوو، ئێستاش لە کوردستان زۆر باشتر نییە، من بەنموونە چەند شەوێك بەر لە ئێستا لە ماڵێك بووم، کوڕەکەیان تا 1ی شەو خەریکی کۆنکان نووسین بوو، کەچی لە ئەمریکا دەبێت مناڵەکان لە 8ی شەوەوە بخەون بۆ ئەوەی بەیانی زوو خەبەریان بێتەوە و مێشکیان ئامادەبێت بۆ خوێندن، جگە لەمەش پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی هاوتەریبە لەگەڵ یەکتری.

**کۆوار: ئەکرێت بچینەوە سەر بیرەوەریەکانت و لەسەر ئەو بیرەوەریانە بدوێین، کە لەگەڵ تیپی پاشای گەورە تۆمارتان کردوون، بەتایبەتی لە کاتی چالاکییەکان؟**

سیروان: من کە چوومە ئەو خولە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم، لەوێ برادەرانی وەك (شێرزاد حەیدەری، چەتۆ نەورۆز، ئامانج غازی، سەید ئەحمەد، فاروق، چەندانی تریش) بەشداربوون. ئێمە دوو کەمانچەمان هەبوو بە نۆبەت پرۆڤەمان لەسەری دەکرد، پاش ماوەیەکی کەمیش توانیمان لە



سیروان سیرینی لە دەسپێکی کاری هونەری 1978

قوتابخانەی پاشای گەورە ئاهەنگێك ئامادەبکەین.

لێرە ئەمەوێت باس لە رۆڵی (مامۆستا زرار) بکەم، کە لەگەڵ ئەوەی زۆر ماندووبوو، زۆریش میهرەبان بوو، (مامۆستا زرار)یش خۆی خۆی فێرکردبوو. یانزی خوێندبووی، بەلأم دەمزانی کە خۆڕسکە فێربوونەکەی، بۆیەش مامۆستایەکی ئەکادیمیمان نەبوو، بەلأم هێندە هۆگر و شەیدابوون، تا دەهات خەونمان بۆ فێربوون گەشەی دەسەند، تا وای لێهات چووینە پەیمانگا، سەیرەکە لەوەدایە لەدوو قۆناغی پەیمانگا و تا پۆلی سێیەم مامۆستای تایبەتیمان نەبوو، تا پۆلی سێیەم و هاتنی (مامۆستا ئەحمەد جەوادی)، زۆرێك لە قوتابیە کوردەکان، کە ئێستا هونەرمەندی باشن لەسەر

> **لە ئەمریکا دەبێت منالّەکان لە 8ی شەوەوە بخەون بۆ ئەوەی بەیانی زوو خەبەریان بێتەوە و مێشکیان ئامادەبێت بۆ خوێندن.**

دەستی ئەو پێگەیشتن، ئەو کورد و مۆسیقای خۆشدەویست.

**کۆوار: ئێوە لەوێ جیاوازیتان، لەگەڵ قوتابیانی تر نەبوو؟ بەتایبەتی کە لە رواندز سەرەتایەکتان هەبووە؟**

سیروان: وەك وتم پێشتر مامۆستای زۆر باشمان نەبوو، بەلأم لەدڵەوە شەیدا و هۆگری مۆسیقابووین، بەداخەوە لە پەیمانگا نۆتەمان دەست نەدەکەوت، کتێب لە بواری مۆسیقا کەم بوو، تەنها دەمانتوانی گوێ لە کاسێت بگرین. من بیرمە ئەو کات کۆنشێرتۆی (چوار وەرزی ساڵ)ی (ئەنتۆ فیڤالّدیم) لەسەر کاسێت ئەزبەر دەکرد، کە چوومە ئەمریکاش کاتێك مۆسیقای جیهانییەکانم لێدەدا و دەمگووت تا ئێستا لەسەر کاسێت گوێم لێبووە و نۆتەکانیانم نەبینیوە، سەیریان دەسوڕما.

بەهەر حاڵ تا هاتنی (ئەحمەد جەوادی) هاوکێشەکان وەکو خۆیان بوون، بەلأم کە ئەوهات زۆر پەرەمان سەند و زۆری لێفێربووین، بۆ من جێگای شانازییە، کە لە پۆلی پێنجەمی پەیمانگا (ئەحمەد جەوادی) پێگووتم " من چیتر لەو ئاستە نیم وانە بەتۆ بڵێم، دەبێ تۆ بچیتە دەرەوەی وڵات و مامۆستایەکی باشتر بدۆزیتەوە".

سەبارەت بە ئاستی قوتابیە کوردەکانیش، نایشارمەوە کوردەکان لە هەموو بەشەکانی پەیمانگا، لە عەرەبەکان باشتر بوون.

**کۆوار: لە قسەکانت پێدەچێ پەیمانگا بۆتۆ خاڵی وەرچەرخان بێت، بە تایبەتی دوای هاتنی مامۆستا ( ئەحمەد جەواد )؟**

سیروان: کت و مت راستە، بیرمە لە ساڵی (1984) مامۆستا (ئەحمەد جەوادی) کە ئەوکات قوتابی پەیمانگا بووم، بۆ بەغدای ناردم، بۆ ئەوەی هەندێ مۆسیقا تۆماربکەم بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا، بەڕاستی حەزم دەکرد ئەو مۆسیقایانە لە ئەرشیفی من مابان، وەلێ بەداخەوە لە دەستم چوون و نەمتوانی لە ئەرشیفی خۆم بیانپارێزم. نازانم ئێستا ماون یان نا، بە شێوەیەکی گشتی پەیمانگا بۆ من گەلێ گرنگ بوو، خاڵی وەرچەرخانم هەر لەوێ سەری هەڵدا و ئێستاش جگە لەوەی کە قەرزباری (مامۆستا زرار)م، قەرزباری مامۆستا (ئەحمەد جەوادی)یشم.

**کۆوار: ئەی بۆ تیپی پاشای گەورە، مامەڵە کردن و ماندووبوون و یادگاریتان لە رۆژانی بەرهەمهێنانی چەندین کاری هونەری، کە بۆ ئەوسا دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو چۆن دەکەوێتەوە؟**

سیروان: تیپێکی باش و شۆڕشگێر بوو، بیرمە لە سەردەمی بەعسدا کارمان



کۆتایی حەفتاکان، سەرەتای درەوەشانەوەی هونەر لە رواندز     کۆوار

دەکرد، وەلێ بیرم نایەت سروودێکمان بۆ بەعس تۆمارکردبێ، جگە لەوەش لەگەڵ برادەران بەشداری چەندان فیستیڤاڵمان کرد و چەندین گۆرانیمان تۆمارکرد، ئێستاش کە سەیری ئەو کارانە دەکەم بیرەوەری جوانم دێنەوە یاد، هەرچەندە ئەکرێت کامڵ نەبن، بەڵام کردنیان باشتر بوو لە نەکردنیان.
لێرەوە مۆڵەتم بدە باسی شتێکی تر بکەم، ئێمە رۆژانە (14–16) کاتژمێر پرۆڤەمان دەکرد، تا کارەکەمان کامڵ دەکرد، ئەو کات بانگهێشتی گۆرانی بێژەکانمان دەکرد، کەسیش نەبوو پێمان بڵێ دەستتان خۆش، وەلێ ئێستا ئەو هەموو ئیمکانیاتە لە لایەن وەزارەتەوە دابین دەکرێ، کەچی چالاکیەکان وەك پێویست نین. بیرمان نەچێت، پەیمانگای هونەرەجوانەکان ناتوانێ هونەرمەند دروست بکات، بەڵکو دەبێت هونەرمەند گەڕۆك بێت و ماندوو بێت، ئەمە جگە لەوەی کە دەبێ بەهەرەیەکی باشی مۆسیقی تێدابێت. لە دونیادا منداڵ لە تەمەنی (3–5) ساڵی هەست بە مۆسیقا دەکات، بەڵام لای ئێمە کەلێنێکی گەورەیە.
سەبارەت بە مۆسیقای کوردیش، بیرم دێ لە نەوەدەکان هەندێك کەس شتیان هێنایە سەر شانۆ و گوتیان ئەمە سەمفۆنیایە و بۆ رۆژی دواتریش خۆیان ئەیاندایە پەخشان نووسین و بەسەریاندا دەگووت و بە شاکارێکی گەورە وەسفیان دەکرد، کەچی ماوەیەك بەر لە ئێستا هەر ئەوان لە کەناڵەکانی راگەیاندندا دەیانگووت کورد مۆسیقای ئۆرکێستراڵی نیە.
بەداخەوە بەشێك لەوانەی ئێستا لە مەیدانی مۆسیقا کاردەکەن نەزانن، ئاخر کورد مۆسیقای هەیە و بگرە لەو رووەشەوە دەوڵەمەندە.
من بەم دواییە، پڕۆژەیەکم داوەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی ئەوەی بتوانین لە ماوەی (12–15) ساڵی تر چەندان کادیری مۆسیقازان چێ بکەین، ئەمەیان پڕۆژەی یەکێك لە زانکۆ هەرە باشەکانی ئەمریکایە و دڵنیام ئەگەر لە کوردستان ئەو پڕۆژەیە سەربگرێ، بەرەو پێش دەڕۆین. لەلایەکی دیکەشەوە لەو رۆژانە برادەرانی خۆمان باسیان لە فیستیڤاڵی میوزیك و گۆرانی دەکرد، کە زۆر لە پسپۆرانی مۆسیقا، (دڵشاد محەمەد سەعید) وەك نموونە هەر بانگ نەکرابوون، من بۆ خۆم زانیم کە فیستیڤاڵ سەرکەوتوو نەبووە و لە تەلەفزیۆن بینیم، بەڕاستی دەبێ بیر لە دانانی بناغەیەکی کۆنکرێتی بکەینەوە بۆ رزگاربوونمان لەم گێژاوە.
دواتر یەکێکی تر لەو کێشانە، ئەوانەن کە لە پەیمانگا دەردەچن، کە لە جیاتی ئەوەی ببنە مۆسیقاژەن و موومارەسەی مۆسیقا بکەن، دەبنە مامۆستا و وانەی دیکە دەڵێنەوە، ئەمەشیان رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی هەم لە مۆسیقا دووربکەوینەوە و هەم مامۆستایەکی دۆڕاومان لێدەربچێ.

**کۆوار: ئەکرێت لەسەر ئەو پڕۆژەیە بدوێن، کە هێناتەوە کوردستان؟**

سیروان: ئەو پرۆژەیە منداڵ ئاشنا دەکات بە مۆسیقا، لەدونیا منداڵان، کە ئاشنادەکرێن بە مۆسیقا، بۆ ئەوەیە بتوانن لەوانەکانی تر سەرکەوتووبن، جگە لەمەش قوتابخانەی سەرەتایی تەرخان دەکرێ تایبەت بە مۆسیقا، بۆ ئەوەی لە دواڕۆژ ببنە کادرێکی باش، پێشتر ئەوە لە بەغدا هەبوو، بۆ نموونە (ئارام خاچەتۆریان) یەکێك بوو لەو هونەرمەندە مۆسیقاژەنانە کە بەو سووڕە تێپەڕی و دواتر بوو بە یەکێك لە مۆسیقاژەنە بە تواناکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشداری لە گەورەترین فیستیڤاڵی سۆڤیەت بکا.
بەڕاست ئەو پرۆژەیە، پڕۆژەیەکی زانستی یە و پێویستی بەکات دەبێ، رەنگە بتوانین ئەگەر ئەمڕۆ دەستی پێبکەین، پاش چەند ساڵی تر، گۆڕانی ریشەیی لە مۆسیقای کوردی روویدات.

**کۆوار: سەبارەت دووركەوتنەوە لە کوردستان، ئەو هۆکار و پاڵنەرانە چی بوون کە وای کرد کوردستان جێ بهێڵی؟ جگە لەمەش لەوێ ئاشنایەتیت چۆن لەگەڵ مۆسیقا زیادی کرد و چۆن بە ڕووی مۆسیقای رۆژئاوایی کرایتەوە؟**

سیروان: فاکتەرەکانی جێهێشتنی کوردستان زۆربوون، بەڵام لە هەموویان گرنگتر فێربوون بوو، هەستم کرد لەوێ زیاتر دەتوانم بەڕووی مۆسیقادا بکرێمەوە.
کاتێك کوردستانم جێهێشت، کارەبا نەبوو، شەڕ بەرقەراربوو، کەچووومە نیۆرکیش ئاووهەوایەکی تر، ریتمێکی تەکنەلۆژی پوختە، رێ کردنم لەوێ ئاسان نەبوو، بەتایبەتی کە من مۆسیقام لە فەوزای کوردستان دەژەنی. کە چووومە ئەوێ، برادەرێکم بینی (ئەندازیار)بوو، پێم وت دەمەوێ بچمە شوێنێك مۆسیقا بژەنم، ئەو پێکەنی و وتی من دەمێکە لێرەم، لە کوردستان بەرپرسی رێکخراوێك بووم، کەچی لێرە قاپ دەشۆم، تۆ دەتەوێ یەکراست مۆسقا بژەنی، ئەوەی تۆ ئەتەوێ زۆر ئەستەمە. پێم وت کارێکم بۆ بکە بچمە شوێنێك، خۆم دەناسێنم. پاش ئەوەی لە رێگەی وەرگێڕێکەوە (چونکە من زمانم نەدەزانی) چووینە ئۆرکێسترایەك و پەیوەندیمان بەست، کاتێك بەڕێوەبەری ئۆرکێسترایەکە من بینی راستەوخۆ وەك کەمانچەی یەکەم وەری گرتم. ئاخر لەوێ ئاسان نییە لە ئۆرکێسترا مۆسیقا بژەنی، لەوێ نزیکەی (20) ملیۆن مۆسیقاژەنی هەیە.
بە هەر حاڵ لەم کارەم بەردەوام بووم تا ماڵیشم بردە ئەمەریکا، دواتر لەگەڵ پیانۆژەنێك دەستمان بە مۆسیقا ژەنین کرد و لەگەڵ ئەو بە ئاهەنگ بەستن بۆ چەند پرۆژەیەکی مرۆیی پارەمان کۆکردەوە، دواتر سوپاسنامەم بۆ هات، پاشان لەگەڵ دانەرێکی باش، کە بەڕێوەبەری ئۆرکێسترا بوو، باسی کوردم کرد، ویستم پڕۆژەیەکی مۆسیقای جوان بکەین، بەڵام ترسام ئەو پرۆژەیە بدەمە ئەو، چونکە دەبوایە ئەو ئاگاداری مێژووی کورد و ریتمی کوردی بوایە، ئەمەش زەحمەت بوو، جگە لەمەش خۆتان دەزانن مۆسیقای کوردی چارەگە

**لە پۆڵی پێنجەمی پەیمانگا مامۆستا(ئەحمەد جەوادی) پێگووتم " من چیتر لەو ئاستە نیم وانە بەتۆ بلێمەوە، دەبێ تۆ بچیتە دەرەوەی وڵات و مامۆستایەکی باشتر بدۆزیتەوە" .**

تۆنی تێدایە، مۆسیقای رۆژئاوایی تێیدانییە، ناچاربووم پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستا (ئەحمەد جەوادی) بەستم، کە پێم وت بە نیازی پرۆژەیەکی وام رازی بوو، ئەو پێشتر مۆسیقایەکی تری دانابوو بەناوی (مێش هەنگوینی رۆژهەلات) وپێشکەشی کردم، منیش وەك کەمانچەژەنێك بڕیارم دا تۆماری بکەم.
من لەو کارەی کە بۆ مامۆستا (ئەحمەد جەوادی)م نارد، بە درێژی باسی کارەساتەکانی کوردم کردبوو، باسی هەڵەبجە و دواتریش باسی شۆڕشی (بارزانی) و پەڕینەوەی لە رووباری ئاراس، جگە لەوەش چەند میلۆدییەکی کوردیم بۆ نارد، ئەویش هەندێك نووسینی مێژوونووسانی عەرەب، کە لەسەر کورد لە ئینتەرنێت نووسرابوون بۆی ناردم، زۆرم پێخۆش بوو عەرەب لەسەر مێژووی کوردیان نووسیوە و ئاگادارن، پاش ئەوەی نزیکەی (800) ئیمێلمان گۆڕیەوە، کارەکە ئامادەبوو، مامۆستا (ئەحمەد جەوادی) مۆیسقاکەی دانا.
پاشان لە ڕێگەی مایسترۆ (کێنت تری) ئەو کارەمان پێشانی دکتوۆ(فیل)دا و ئەویش پێیداچووە و کەم و کوڕیەکانی بە تێبینی نووسین، دواتریش بۆ (ئەحمەد جەوادی)یم ناردەوە، دواجار کارەکە بە خاوێنی لەلایەن بەڕێزیانەوە هاتەوە دەستم، ئەوەبوو لە 1و2005/10/2 (کوردستان سەمفۆنیای سۆنیا) لە ئەمریکا پیشاندرا و بووە جێگای نووسین و خۆشحاڵی خەڵکی ئەمەریکا.
ئەوەی جێگای خۆشحاڵی من بوو، ئەو چیرۆکە لە رێگەی مۆسیقا گەیشتە خەڵکی ئەمەریکا و لە رێگەی مۆسیقاوە گوزارشتمان لەو هەموو مەینەتی و

دەژەنی.

**کۆوار:ئەکرێ بڵێین ئێستا مۆسیقای کوردی لە کوێی مۆسیقای جیهانییە، بەو پێیەی کە تۆ لە دەرەوە ئاشنایەتییەکی باشت لەگەڵ مۆسیقای جیهانیدایە، هاوکات ئاگاداری واقیعی مۆسیقای کوردیشی؟**

سیروان: لە نێوان مۆسیقای کوردی وجیهانیدا هیچ بەراوردێك ناکرێ، کە سەیری مۆسیقای کوردی دەکەم خەم دامدەگرێ، تەنها دەبێت لە خاڵی سفرەوە دەست پێبکەین. بەڕای من تاقە فریادرەسێکیش بۆ ئەو وەزعە، ئەو پڕۆژەیە کە پێشتر باسم کرد، تۆ وەرە سەیری ئەو هەموو پەیمانگا و کۆلێژە هونەریانە بکە، کوا بەرهەم و داهێنان؟ لەدونیا بەردەوام داهێنان دەکرێ، کوا لای ئێمە چی دەکرێ.
من بەڵێن دەدەم ئەگەر ئەو پڕۆژەیە سەربگرێ، بە یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ماوەی (15) ساڵی تر خاوەن مۆسیقایەکی جوان و پڕ داهێنان دەبین. ئینجا لە دەرەوە دەیان کەسی پسپۆر هەن، دەتوانین بیانهێنینەوە کوردستان و کاربکەن. بەڕاستی دەرەوە کوردی باشی لێیە، با کەش و هەوا و ژیانیان بۆ دابین بکرێ و لێرە بێن کاربکەن، دڵنیام زۆر بە باشی ئەو قەیرانە بنبڕ دەکرێ.

**کۆوار:ئەگەر شتێکمان بیر چووبێ، لەدوا وتەتدا بیخەیتە روو؟**

سیروان: من بەردەوام هەوڵ دەدەم کار لەنێو مۆسیقا بکەم، رقم لە غرورە، بەڵام دەشمەوێ ئەو قەیرانە بگۆڕێ.. من نیشتمانم خۆش دەوێ، حەزم لێیە وەك



تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، ساڵی 1985

نەهامەتیەی کورد کرد، من لەکاتی ژەنینی ئەو مۆیسقایە، بەبیرم دێ چەند جارێك گریام، چونکە ئەو برادەرانەی کە مۆسیقاژەنی بەتوانابوون لەو (سویت سەمفۆنیا)یە بە رۆحەوە دەیانژەنی.
ئەو کارە لە دوو جوڵە پێك هاتووە، یەکەمیان بەناوی( بەرەبەیانی هەڵەبجە) و ئەوی تریشیان بەناوی (پاڵەوانانی کورد) کە باسی لە پەڕینەوەی بارزانی دە لە ئاراسەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو. جگە لەمەش ئەو کارە چەندان میلۆدی کوردی تێدایە، ئێستا لەسەر دیڤیدی ئامادەیە، کە پاڵەوانەکەی کوڕێکە بەناوی (ئاسۆ) بە ئینسێرت لەسەر مۆسیقاکە دانراوە.
جگە لەو (سویت سەمفۆنیا)یە دوو کاری تری تێدان، کە من وەك کەمانچەژەنی یەکەم لەگەڵ ئەو ئۆرکێسترایە سۆلۆیستم، یەکەمیان کۆنشێرتۆی (میدنس) کە یەکێکە لەناودارترین کۆنشێرتۆکانی جیهانی و بۆ کەمانچە نووسراوە، لەوێ لەگەڵ (کێن ونت، سەمفۆنی ون ئۆرکێسترا) بەسەرپەرشتی مایسترۆ (کێنت) دەیژەنم. ئەوی تریشیان کۆنشۆرتۆی (باخە کە بۆ دوو کەمانچە نووسراوەتەوە و من کەمانچەی یەکەم و (پیتەر میگوایەر) کە یەکێکە لە کەمانچەژەنە بەناو و دەنگەکانی ئەمریکی، کەمانچەی دووەمی

ولاٌتانی تر سەرفراز بێت، خۆشم حەزدەکەم وەك شۆڕشگێرانی تر خزمەت بە نیشتمان بگەیەنم، ئاخر هەمووومان لەو قەیرانەی کە کورد ئەمڕۆ لەناوی دەژی بەرپرسیارین.. من لەدەرەوە هەوڵ ئەدەم ئەوانەی کە شارەزان بیانگەڕێنمەوە کوردستان و خزمەت بکەن. بە خۆشمەوە ئەگەر هەلومەرج لەباربێت و ئەو پرۆژەیە سەر بگرێ، دەگەڕێینەوە و هەوڵ دەدەین لەگەڵ هونەرمەندانی ئێرە، بەشێوەیەکی زانستی شووناس بۆ مۆسیقای کوردی بگەڕێنینەوە. بۆیەش بەردەوام خەیاڵم لەسەر ئەو پرۆژەیەیە و کاری بۆ دەکەم، هەمیشە باوەڕیشم بەوەیە کە تا زووە دەست بکەینە پرۆژەی جدی و کار بکەین، من دڵنیام خەڵکانێکی باش لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان ئەژین پڕن لە وزە و کار، ئەمڕۆش دەستپێبکەین باشترە لە بەیانی، کاتێکیش باوەڕمان کرد کە کاری جدی کاتی هاتووە، سەرفراز دەبین.

# ژووری خەوتن لە کۆمەڵگەی کوردیدا

سەعدوڵلا عەبدوڵلا ـ ئەڵمانیا

ئەگەر هەر یەك لە ئێمە ئاوڕێك لە کۆمەڵگەی کوردی بداتەوە، دەبینێ ئەوەی گرنگی و بایەخی پێنەدراوە ژووری نوستنە، بەڵگەم بۆ ئەم قسەیەم ئەوەیە لە هەموو گوندێکی کوردستان کاتی خۆی، کە خانویان دروست دەکرد، ژووری قاز و مریشك و ژووری مەڕ و مالاَت، ژووری گەنم و جۆ دروستکراوە، تەنها یەك ژوور نەبێت، کە ئەویش ژووری نوستنی ژن و مێردە بەتەنیا.

ژن و مێرد لە کوردستان هەر کە منداڵیان دەبوو لەگەڵ منداڵەکانیان دەخەوتن، هەر لەو ژوورەش جووت دەبوون، ئیدی ژوورێك دەبووە شوێنی هەموو ئیش و کار و ژیانی خێزانێك.

ئاخر کێ لە ئێمە، باوك و دایکی خۆی نەبینیووە، کاتێك کە بەیەکەوە جووت دەبن؟.

بە خۆشحاڵیەوە ئەم دیاردەیە رووی لە کەمبوونەوەیە، ئێستا تاڕادەیەك گرنگی بە ژووری نوستن دەدرێت، بەتایبەت لە شارەکاندا، بەڵام لە نێو زۆر خێزانی کورد هێشتا بە هەر هۆیەك بێت ژووری تایبەت بە خەوتن فەرامۆشکراوە.

کاتی خۆی ئەو ژن و مێردەی، کە بە یەکەوە جووت دەبوون بیریان لەوە نەدەکردەوە، ئەو منداڵەی کرداری سێکسی دەبینێت، گرێیەکی دەروونی لەلا دروست دەبێ، دروست بوونی ئەم حاڵەتەش بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پێشتر باوك یان دایکی منداڵەکە، هیچ باسی ئەم بابەتەی بۆ نەکراوە، پێشی نەوتراوە ئاخۆ چۆن و بە چ شێوازێك دروستبووە، بۆیە کاتێك کردارێکی لەم چەشنەی بەرچاو دەکەوێت، یەکڕاست تووشی حاڵەتێکی ئاڵۆزی دەروونی دەبێتەوە، کە دواجار کاریگەری نێگەتیڤ جێدەهێڵێت.

یەکێك دەناسم دەیووت بە منداڵی زۆر ڕقم لە باوکم بوو، چونکە هەندێك شەو، کە دەمبینی لە دایکم نزیك دەکەوێتەوە، وام دەزانی ئازاری پێدەگەینێت!.

من پێم وایە لە کۆمەڵگای کوردستاندا نەك ژووری نووستن، بەڵکو رۆشنبیریی سێکسیش کەمترین حیسابی بۆ نەکراوە، بۆیە لای تاکی کوردی زۆر بەکەمی هوشیارییەکی رۆشنبیریی و کۆمەلاَیەتی سەبارەت ئەم بابەتە گرنگە ئامادەیی هەیە.

ئێستاشی لەگەڵدابێ پیاوی وا هەیە، هەر کاتێك ئارەزووی جووتبوون بکات، دەچێتە لای خێزانەکەی بێ ئەوەی پرسی پێبکات، ئایا ئامادەباشی هەیە، یان نا، تەنانەت بێ هیچ سەرەتایەك، یان بێ رەخساندنی زەمینە و دروستکردنی پێشینەی جووتبوون، دەچێتە لای هاوسەرەکەی و هەر بە پێنج خولەك، زیاتر نا، ئارەزووەکەی خۆی تێر دەکا.

بەدڵنیاییەوە پرۆسەی زەمینە سازی بۆ سێکس، یان بەواتایەکی دیکە یاری کردن لە نێوان ژن ومێرد، هیچی کەمتر نیە لە چێژی جووت بوون.

پیاوی کورد، کە دەچێتە لای خێزانەکەی، هەرکاتێك خۆی گەیشتە پلەی ئۆرگازم، پشت لە خێزانەکەی دەکات، بێ ئەوەی لە خۆی بپرسێت ئایا خێزانەکەم گەیشتۆتە پلەی ئۆرگازم، یان نا.

(د. نەوال سەعداوی) دەڵێ: ( پیاوی رۆژهەلاَتیم وەك پیاوێکی زۆر برسی دێتە بەرچاو، کە برسی بوو هاوار دەکا زوو نانم بۆ بێنن، سفرەم بۆ بڕازێنەوە، کە سفرەی لە بەردەم دادەنێن، دەڵێ هەی گیان بۆ ئەم سفرە جوانە و ئەم خواردنە خۆشە، جا کە تێری خوارد هەر ئەو سفرە جوانەی لای دەبێتە شتێکی پیس، دەڵێ زوو وەرن ئەم شتە پیسە لە بەردەمم لادەن).

بەو هیوایەی هەموو پیاوێك وانەبێت، بەڵکو هەموو کاتێك ئافرەت بە جوان ببینێ، هەوڵبدات ئافرەتەکەش بگەیەنێتە پلەی ئۆرگازم، نەوەك خۆی تەواو بێت و پشت لە خێزانەکەی بکات، خێزانەکەشی بکەوێتە بارێکی دەروونی ئاڵۆزکاو.

لە سەر هەموو ژن و مێردێکیش پێویستە گرنگی بە ژووری نوستن بدەن، نەوەك پیاوەکە هەر بە جلی کارکردن بچێتە ناو جێگا و ژنەکەش هەر بەجلی کارکردنی ناومالّ، ( لەوانەیە بپرسن ئاخر خێزانی وا هەیە کەمدەرامەتن، ناتوانن جل بگۆڕن، منیش دەڵێم خۆ دەتوانن جلەکانیان بۆن خۆش و خاوێن بکەنەوە).

بەداخەوە هەندێك ژن و پیاو هەن بۆ دەرەوەی مالّ شوشەیەك بۆن لە خۆ دەدەن، بەلاَم ئامادە نین بۆ ناو جێگا دڵۆپێك بۆن لە خۆیان بدەن.

یاخود کە دەچنە دەرەوەی مالّ بۆ ماوەی دوو کاتژمێر خەریکی خۆ ڕازاندنەوە دەبن، بەلاَم ئامادەنین تەنها پێنج خولەك بۆ خۆ رازاندنەوەی ناو جێگا تەرخان بکەن.

باوەڕبکەن زۆر لە حاڵەتەکانی جیابوونەوەی ژن و مێرد هۆکارەکەی سێکسە، بەلاَم باسی لێوە ناکرێ و پێیان شەرم و عەیبەیە، بۆیە بەشتێکی تری دەبەستنەوە، کە هیچ پەیوەندییەکی بە راستی مەسەلەکەوە نیە.

ئافرەتی کورد ناڵێم هەمووی، بەلاَم بە زۆری ماڤ ئەوەی نیە ئەگەر ئارەزووی سێکس بکات، داوای جوتبوون لە پیاوەکەی بکات، هەر دەبێ چاوەڕێی پیاوەکەی بێت بێتە لای، بە داخەوە زۆر پیاو هەیە ئەگەر ئافرەتەکە داوای جووت بوونی لێبکات، یا دەست پێشخەری بکات، بە چاوێکی کەم سەیری دەکات، دەڵێ ئافرەتێکی بێشەرمە داوای جووتبوونم لێدەکات.

ئاخر توخوا ئەمە کەی پەیوەندی بە شەرمەوە هەیە؟!.. جێی خۆیەتی چۆن پیاوەکەی ئەو مافە بەخۆی دەدات، ئەو مافەش بە خێزانەکەشی بدات.

لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیشدا هاتووە، ئەگەر هەر پیاوێك یان ئافرەتێك ئارەزووی جووتبوونی لەگەڵ هاوسەرەکەی هەبێ، پێویستە پێی بڵێت، هەر پیاوێك داوای جووتبوون بکات لە هاوسەرەکەی، ئەویش بە دەم داوایەکەی نەچێت، ئەوا گوناه بار دەبێت، بە پێچەوانەشەوە.

لە کۆتایی بابەتەکەمدا تکا دەکەم لە مامۆستایانی ئاینی، لە خوتبەکانیاندا باسی ئەم لایەنە بکەن، نەوەك هەندێکیان هەر دەڵێن نوێژ نەکەی دەسوتێی، ڕۆژو نەگری وات لێدێ، راستە نوێژ کردن کۆڵەکەی ئاینە، ڕۆژوش هەروا، بەلاَم پێویستە باسی شتی تریش بکرێ، بە تایبەتە بابەتە کۆمەلاَیەتیەکان، کەلای زۆر کەس روون نیە.

# دیاردەی خۆکوژی لێرە و لەوێ

د. رۆژان خالید

کاتێک دەستم کرد بە نووسینی ئەم وتارە، لە نێو کتێبخانەی کوردی و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت بۆ وەرگرتنی سەرچاوە لە مەڕ دیاردەی خۆکوژیدا زۆر گەڕام، بەڵام بەداخەوە هیچ دیکۆمێنتێکی باوەڕپێکراو لە مێژووی دەستپێکردنی خۆکوژی، وەک نەریتێکی نامۆی کۆمەڵایەتی وەدەست نەکەوت. خۆکوشتن لەدێر زەمانەوە باوە و مێژوویەکی کۆن ودرێژی هەیە، بەڵام بەداخەوە لەلایان توێژەرەکانی کۆمەڵایەتییەوە کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە و زۆر بەکەمی کاری زانستی و ئەکادیمی لە سەر کراوە.

خۆکوشتن دیاردەیەکی دزێوە لە دیاردەکانی ژیان، وەک راستییەکی کۆمەڵایەتی لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە و پێشکەوتنی کولتور وشارستانییەتەکان نەتەنیا لە رێژەی خۆکوژی کەم ناکاتەوە، لەگەڵ تێپەڕینی زەمەن، رێژەی خۆکوشتن لە هەڵکشاندایە. ئێمە رۆژانە لە رێگای راگەیاندنەکانەوە گوێبیستی چەندین هەواڵی خۆکوشتن دەبین، کە بەداخەوە زۆرجار مرۆڤ بەمەبەستی خۆدەربازکردن لە کێشەکانی پەنای بۆ دەبات، بەتایبەت لە کاتێکدا، کە مرۆڤ بەرەو رووی گیرو گرفت دەبێتەوە و چارەسەری لەدەست خۆیدا نامێنێت، رێگایەکی بەم چەشنە دەگرێتەبەر. خۆکوشتن لە شوێنگەلی جیاواز تایبەتمەندی خۆی هەیە و بە گوێرەی شوێنەکە دەگۆڕێت، هەرچی کوردستانیشە ماوەیەکە دیاردەی خۆکوشتن، بە تایبەت لە نێو ژناندا رووی لەزیادبوونە، بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی لەمەڕ هۆکارەکانی و رێژەی خۆکوشتن لەبەردەستی خوێنەری کورد دانیە، بێجگە لە چەند راپۆرت و نووسراوەی میدیایی، کە ناکرێ وەک پێویست بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و ئاکادمیکی لە سەر دیاردەی خۆکوژی پشتیان پێ ببەسترێت. ئەگەرچی ئەم وتارەش لێکۆڵینەوە نیە لەمەڕ دیاردەی خۆکوژیدا ،بەڵکو جارێکی دیکە تیشک خستنە سەر ئەم دیاردەیە، هاندانی ئەوکەسانەیە، کە سەبارەت دیاردەی خۆکوژی توێژینەوە دەکەن.

لەسەرەتا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئاخۆ مرۆڤ کاتێک خۆی دەکوژێ و کوتایی بە ژیانی خۆی دێنێ، بە ئێمە چی؟.. دیارە خۆکوشتن کردەوەیەکی نادروستە، کە مرۆڤ بەرانبەر خۆی دەیکات و مردنێکی ئەنقەستە.

بێگومان گەلێک هۆکار لەپشت ئەم دیاردەیەن، لەنێویاندا هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، لە ئەنجامدانی ئەو کارەدا دەورێکی گرنگیان هەیە. هەرچەند مەبەست لە خۆکوشتن پێش هەر شتێک لەناوبردنی خۆیەتی، بەڵام راستەوخۆ کاریگەری بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگاوە هەیە و شوێنەواری خراپی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و رەنگە شیرازەی خێزان و کۆمەڵ تێکبدات. هەر بۆیە مرۆڤەکانی دیکە ناتوانن لە بەرانبەریدا بێلایەن و بێدەنگ بن.

خۆکوشتن شتێکی تایبەتە بە مرۆڤ، بەڵام لە نێو



گیاندارانیشدا بوونی هەیە، بۆ نموونە کاتێک دۆلفینەکان لە قوڵایی دەریاوە دێنەدەرێ، یان ماسییەک خۆ لەنێو ئاو فەڕێدداتە وشکایی، وەک دیاردەی خۆکوژی گیانداران لێکدەدرێتەوە. (ئێدووین شنایدمەن) دەڵێ: خۆکوژی لە ناوبردنی خودە بە هوشیارییەوە، هۆکارەکەشی نیگەرانی و ئازاری مرۆڤە لەچەند رەهەندەوە، کە بۆ رزگار بوون لەو ئازارانە، سڕینەوەی ژیانی خۆی بەچاکترین چارەسەر دەزانێ.

خۆکوژی کردەیەکی هەڵکەوتە و بێمانا نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە رێگایەکە بۆ رزگاری لە پرسێک یان قەیرانێک.

خۆکوژی پێوەندی بەونیازانەی مرۆڤەوە هەیە، کە بە تاڵ بوونەتەوە، یان هەرگیز بەدینەهاتوون، یان هەستی نائومێدی و بێچارەیی و کێبەرکێی نێوان دوودڵانە لە نێوان ژیان و قەیرانێک، کە زاڵبوون بەسەر ئەو حاڵەتانە لە توانای ئەو مرۆڤەدا نەماوە، چونکە رێگای چارەکانیی بەستراو دەبینێ، ئەمەش وای لێدەکات پێویستی بە هەڵاتن بێت لەو قەیرانە.

ئاماژەیەکی مێژوویی: دیاردەی خۆکوژی لە مێژە لە مرۆڤدا باوبووە، بۆ نموونە:

1-برەهمەنەکان لە جەژنە ئاینیەکان خۆیان دەکوشت، یان بێوەژنە هیندیەکان دوای مێردەکەیان خۆیان دەکوشت و وایان دەزانی دەچنە بەهەشت.

2-لەمیسری کۆندا خۆکوژی بەمەبەستی رزگاری لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان باو بووە، هەروەها لە یونان و رۆمای کۆنیشدا کوێلەکان خۆیان دەکوشت.

3-لە سەرەتای دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەمەوە شێوازێکی تازە لە خۆکوشتن لە دونیادا بە تایبەت لە ژاپۆن سەری هەڵدا، کە جێگای ئاماژە پێکردنە. بەپێی هەواڵنێری فەرانسە لە ساڵی رابردوودا 91 حاڵەتی خۆکوژی بە کۆمەڵ لە رێگای ئینتەرنێتەوە روویداوە، ئەو شێوە خۆکوژییە لە ژاپۆن باوە و لە ساڵی 2003 دا 34 کەس و لە ساڵی 2005 دا 55 کەس بەم شیوەیە خۆیان کوشتووە، کە زۆربەیان لە تەمەنی 20 ساڵی دابوونە.

هۆکارەکانی هاندانی مرۆڤ بۆ خۆکوژی لە جیهاندا: بەگشتی هۆکارەکانی مەترسیدار بە دوو بەش پۆلین دەکرێن.

1-هۆکاری دەروونییەکان.

2-هۆکاری کۆمەڵایەتییەکان.

3-هۆکاری نەخۆشی جەستەیی.

هۆکاری دەروونی: کاتێک مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەبێت خۆی لەبیر دەچێتەوە و ناتوانی بەسەرخۆیدا زاڵبێت، ناچار پەنا دەباتە بەرخۆکوشتن، وەک نەخۆشی خەمۆکی، مانیا، شیزۆفرینیا، گۆشەگیری، خۆبەکەم زانین و دڵەڕاوەکێ، ئەمانە هاندەرن بۆ خۆکوژی.

هۆکاری کۆمەڵایەتییەکان: واتە بارۆدوخی ژیان وا لە مرۆڤدەکات خۆی بکوژێت، وەک هۆکار گەلی سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی ، ئاینی.

هۆکاری نەخۆشی جەستەیی: کاتێک مرۆڤ بە هۆی تووشبوونی نەخۆشییەکانی وەک شێرپەنجە لە هەموو جۆرەکان، کەم ئەندامی و نقوستانی.

rojanashtab@ yahoo .com

# له حه‌ساره‌كه‌ی ماڵی ئێمه‌ش باوكم گۆچانی له ده‌سته

**غازی حارس**

**راستی ئه‌م تێڕوانینانه ئه‌و كاته هه‌ستم پێكرد، كه گوێم بۆ هه‌ندێك خه‌ڵكانی ده‌وروبه‌رم شلكرد، كاتێك له باره‌ی باوكه‌كانیان قسه‌یان ده‌كرد، له دیدی ئه‌وان باوك به ته‌نها ئه‌و تۆپه‌ڵه سۆز و میهره‌بانیه نه‌بوو، كه ئێمه جارنا جارێك به رواڵه‌ت به جۆرێك له دردۆنگی باسی لێوه ده‌كه‌ین، ئه‌ویش وه‌ك هه‌ر مرۆڤێك ده‌كرێت تووڕه‌و دڵ ره‌ق بێت..**

ئه‌مانه هێندێك بوون له قسه‌كانی (هێوار له‌زگین)ی ته‌مه‌ن زیاتر (22) ساڵ، ئه‌و كاته من هێنده‌ی تر هه‌ستم به بێبه‌زه‌یی باوك كرد، كاتێك به



هێوار



كارزان



شیرین

نیمچه قوڕگ گیرانێك وتی باوكم ئه‌ی وت ، تۆ و خوشكه‌كانت وه‌ك سه‌گ دێنه به‌رچاوم، وه‌ك ره‌ژوو و ته‌نی وان، مانه‌وه‌تان له ماڵ، رووخسارم ره‌ش ده‌كات.

به‌ڵام جۆرێك هاوسه‌نگی له په‌یوه‌ندیدا ده‌بینرێتٚ كه ( هانا ئه‌حمه‌د )، باس له باوك ده‌كات، هانا ئه‌گه‌ر چی، ئێستا له ته‌مه‌نی (24) ساڵیدایه و له ماڵی خۆیه‌تی، به بڕوای ئه‌و باوك په‌نایه‌كه، مرۆڤ له كاتی ده‌سه‌ڵات نه‌شكان به‌سه‌ر پرسه‌كان، پاڵی وێده‌دات.

(هانا).. (شێرزاد حه‌سه‌ن)ی، چیرۆكنووسی بیر ده‌كه‌وێته‌وه، كه باس له باوكی خۆی ده‌كات و به هه‌ناسه‌یه‌كی قوڵه‌وه ده‌ڵێت "باوكم توندو تیژ بوو به‌رامبه‌ر ئێمه و دایكم، ئه‌مه‌ش نه به مانای لێدان و ئازاری جه‌سته‌یی، به‌ڵكو به مانای قبوڵنه‌كردنی رای ئێمه له هیچ بابه‌تێك، بۆیه ئێستاش كه نیازی سه‌فه‌رێكم هه‌بێت، ده‌ساڕه‌ت ناكه‌م به‌بێ پرسی ئه‌و بچم، ئه‌وه‌ش له‌و كاریگه‌رییه ده‌روونیه سه‌رچاوه ده‌گرێت، كه له ئه‌نجامی مامه‌ڵه‌ی ئه‌و له گه‌ڵماندا، بۆ من و برا و خوشكه‌كانم دروستبووه، ئه‌گینا وه‌ك لێدان ته‌نها یه‌ك شه‌پا زلله‌ی باوكمم له بیره، به‌ڵام هه‌ر كاتێك ده‌یبینم، جۆرێك له ترس و شه‌رم دامده‌گرێت.

( شیرین محمه‌د ) به جۆرێك له گاڵته‌جاڕییه‌وه و به پێكه‌نینێكی به‌رز وتی "له حه‌ساره‌كه‌ی ماڵی ئێمه‌ش باوكم گۆچانی له ده‌سته، چیرۆكی باوكی من زۆر خۆشه، ئه‌و به‌سه‌ر، سه‌ری سه‌ده‌ی بیست و یه‌كه‌وه به‌رده‌وام كتێبی (كفاح)ی، هیتله‌ر ده‌خوێنێته‌وه و رۆژانه كۆمان ده‌كاته‌وه، خیتابی سه‌ربازیمان بۆ ده‌دات، هێنده له خۆی رازییه، وا ئه‌زانێت ئێمه سه‌ربازی ئه‌ڵمانین له به‌ر ده‌ستی.. خۆ هه‌تا ئه‌و دانه‌نیشێت كفره ئێمه دانیشین، ماڵمان رێك وه‌ك سه‌ربازگه‌یه‌كی ساڵانی (1940)ی وڵاتی ئه‌ڵمانه، توخوا چه‌ند سه‌یره، كه‌سێك به‌م مه‌یل و میزاجه حوكمداری ماڵێك بكات، هه‌ر كه‌سیش سه‌رپێچی بكات به خائین و هه‌ڵاتووی مه‌یدانی شه‌ڕ، یان پێشێلكاری یاسای وڵات له قه‌ڵه‌م ده‌درێت و جارانی (سفر) ده‌كرێت، به شێوه‌یه‌ك كه (مام)ه‌كانیشمان، متمانه‌یان پێمان نامێنێت.

( كه‌لسوم شوان ) كاتێك له باره‌ی باوكی پرسیارم لێكرد، ئه‌و به زه‌رده خه‌نه‌یه‌كه‌وه وتی "باوكم ئه‌گه‌ر چی پیره، به‌ڵام به دڵ پیاوێكی گه‌نجه، ته‌مه‌نی نزیكه‌ی (63) ساڵه، به‌ڵام وا ده‌زانێت تازه سه‌ره‌تای ژیانیه‌تی، له گه‌ڵ دایكم هه‌ست ناكه‌م دوو هاوسه‌ربن، به‌ڵكو وه‌ك دوو هاوڕێ و دوو براده‌ر ره‌فتار و هه‌ڵسوكه‌وت ده‌كه‌ن، له‌ماڵه‌وه به دایك و باوكمه‌وه



کەلسوم



هانا



هێڤی

(11) کەسین، هەمووومان کچ و کوڕی خۆش مەحشەرین، هەموو ژیانی خۆمان بە قسەی خۆش و پێکەنینەوە بەرێ دەکەین، بۆیە من سەرچاوەی ئەمە دەگەڕێنمەوە بۆ باوکم، چونکە ئەو قسە خۆشە، دەم بەپێکەنینە ، مەجلیس گەرمە، هەر کەسێك کە لە مەجلیسەکانی باوکم بێت، حەز دەکات تا دوا ساتەکانی مەجلیسەکە دانیشێت و گوێ لە قسە نەستەقەکانی بگرێت، هەر کەسێك لای ئەو بێت دەمی یەکتر ناگرێتەوە، لە بەر پێکەنین و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی سەردەمی خۆی، ئەو وتەیەی هەمیشە لەسەر دەمی (باوك)مە، کە بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە ئەو کاتانەیە کە لەگەڵ دایکم ئاشنایەتی پەیداکردووە، ئەو دەڵێت کە من گەنج بووم هەمیشە رادیۆم لە کۆڵبوو ، حەزم دەکرد هەمیشە لە گەڵ لاوکەکانی (محمد عارفی جەزیری و حەسەن زیرەك و کاوێس ئاغا)، لە ژوان دابم، ئەمە چەند لایەنێکی چاکی باوکم بوو..
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و لەگەڵ گرانبوونی بەنزین و غاز، یان شکان و تێکچوونی بۆڕی ئاو، یان گرانبوونی نرخی کەلوپەل لە بازاردا، دڵی تەنگ دەبێت و شەوانە شەڕی باوك و خوشك و براکانم لە سەر کوژاندنەوەی موەلیدەیە، جگە لە شەڕکردن لە سەر کوژاندنەوەی موەلیدە، شەڕێکی تر لە سەر شووشتنی ناو ماڵە کە وەك وتم بە کەم بوونی ئاو هەراسان دەبێت و وا دەزانێ کە ئاو لە حەوزی ماڵەکەمان کەم بوو زەمانی گرانیەکەیە، ئۆتۆمبێلێکی جۆری (گالوپەر)مان هەیە، هەر چەند باوکم خۆی شوفێری نازانێ، بەڵام سەکنێکی چاکە، سویچەکەش هەر لای خۆیەتی.. بەبێ پرسی ئەویش هیچ یەکێك لە براکانم ناتوانێت ئەم ئوتومبێلە بۆ تەنها کیلۆمەترێکیش لێبخوڕێت..
جاری واش بووە، براکانم لێی تووڕە دەبن، لە (3) برام یەکێك شەفێری بۆ ناکات، ناچار بانگی کەسێك، یاخود ناسیاوێك دەکات، بۆ ئەو شوێنەی ببات کە مەبەستیەتی، جاری وا هەیە خوشکەکانم زۆر لێی تووڕەدەبن، چونکە لە رووی ئازادی جیاوازییان پێدەکات، یەکێکیان بەرچاوە، وەك پێویست رێگای پێنادات، بەوەی تریشیان دەڵێت تۆ بۆ خۆت بە کەیفی خۆت بە، لەلای من ئازادی و هیچ کەس ناتوانێت لە گوڵ کاڵترت پێ بڵێت، بۆیە لەم نێوەدا لای یەکێکیان خۆشەویستە و لای ئەویتریان بەپێچەوانەوە، خوا رەحمی بە من کرد لە سەردەمی من وانەبوو. ئەوەی ماوەتەوە باوکم زۆر حەز لە خواردنی بنیشتی کوردی دەکات، هەر یەکێك لە ئێمەمانان ئەگەر بچین بۆ بازار دەبێت ئەومان لە یاد بێت، بنیشتی کوردی بۆ بکڕین، کە ئەمەش وەك خۆی دەڵێت بۆ مەعیدە باشە، یان دەڵێت بۆیە بنیشت دەخۆم، چونکە جگەرەم تەرك کردووە، نوخشە بێت کە بنیشتی کوردی جێگای جگەرە بگرێتەوە".
( هێڤی محمەد ) هەندێك رەسمیانە باسی لە باوکی کردوو وتی "پێناسەی هەموو خۆشی و بەختەوەریەکانمە، جوانترین وشەی سەر وبنی زوبانمە، ئارەزوو دەکەم بزانی بە قەد هەموو ژیانم خۆشم دەوێی، ئەو بە تەنها هەموو ژیانمە، ژیانم بە بوونی ئەو قافلەیەکە لە بەختەوەری هەرگیز رۆژگار و سەختی ژیان فاکتەرێك نەبوونە، بۆ دروست بوونی ناخۆشیەك لە نێوانماندا، تەنها فێری میهرەبانی و خۆشەویستی کردووم و رێگای رووناکی نیشان داوم، تەواو حاڵی دەبێ لە هەر روداوێك کە تووشم دێ، بەڵکو یارمەتیم دەدات. لە یەکە بەیەکەی هەنگاوەکانی ژیان، هێزو تواناو خۆشەویستی پێ بەخشیووم.. هاوڕێ و دۆست و ناسیاوەکانم زۆر جار دەڵێن ئێمە شانازی بە باوکی تۆوە دەکەین و لەلای ئێمە زۆرە خۆشەویستە، چونکە هەست دەکەین نموونەی باوکی تۆ کەمن، باوکم تەنها ئامۆژگاریشی بۆ من ئەوەیە رۆڵە خۆت پێداچوونەوەی ژیان و کردەوەکانت بکەو بڕیارەکانت لە گەڵ کارەکانت بەراورد بکە، چاکە بکە و لە یادی بکە، بەڵام کە چاکەت لە گەڵ دەکەن لە یادی مەکە". تاکە شت کە ماوە بیڵێم، باوکە تۆ هەموو جوانیەکانی ژیانی منی.
کەچی (کارزان شێخ ئاخیر) وای دەدیت، هەڤاڵینیەکەی لەگەڵ باوکیدا ئەو ئومێدەیە، کە بەردەوام پاڵی پێوەدەنێت بۆ بەرەو پێش چوونی لە ژیاندا و ئەو زۆر خۆشحاڵە بەم پەیوەندییە، بەڵام وتیشی ئەو لێپرسینەوەیەی باوکم رەنگە بێزاری کردبم، کە بەردەوام پرسیارم لێدەکات چیت کرد؟ لە کوێ بووی؟ بۆ کوێ دەچی؟ خۆ رەنگە ئەو پرسیارانەشی لە روانگەی پەرۆشی ئەوبن بۆ من، نەوەك خوانەخواستە هەڵەیەك بکەم، زۆرجاریش وەك قەرزار کردنەوەیەك، باسی لاویەتی سەردەمی خۆیم بۆ دەکات و دەڵێت ئێمە کە لاوبووین، وەك ئێوە نەبووین، هەموو پێداویستیەکانمان بۆ دەستبەر کرابن.

Gaze_hars@yahoo.com

# بانگەشە بۆ مافەکانی ئافرەت و منداڵ

# واقیع.. لاسایی کردنەوە

مەلا مەلحەم محەمەد ساڵح

ئەمڕۆ یەکێك لە مەسەلە هەرە دیارو بەرچاوەکان، کە لەجیهاندا بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی باسی لێوە دەکرێت و سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی بە خۆیەوە خەریك کردووە، مەسەلەی مافەکانی ئافرەت و منداڵە، کە تا ئێستا چەندین ڕێکخراوو دامەزراوەیان لەسەر دامەزراون، بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەرکردن و تێڕامانە، ئەو تۆمەتە بێ بنەمایانەن کە بەردەوام لە لایەن هەندێ نووسەرو ڕۆشنبیرەوە ئاراستەی کۆمەڵگای کوردی و ئایینی ئیسلام دەکرێت لەلاییێك و خۆ بچووك کردنەوەی هەندێکی تریان بەرامبەر بە کولتوورێك، کە سەراپای پێشێڵ کردنی مافەکانی مرۆڤە لەلاییێکی ترەوە، مەبەستم لە خۆبچووك کردنەوە ئەوە نییە سوود لە کولتووری میللەتان وەرنەگیرێت، بەڵکو مەبەستم ئەو تەقلیدە ڕەهایەیە، کە هەندێ لە ڕۆشنبیرو نووسەرانی ئێمە پێوەی گیرۆدەن، ئەوجۆرە کەسانە لە جیاتی پاراستنی مافەکانی ئافرەت و منداڵ، کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێرێك دەبەن، کە ئاکامەکەی لەناوبردنی خودی ئافرەت و کۆمەڵگایە بە گشتی.

کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بەچاکسازی کۆمەڵایەتی هەیەو ئەبێ ڕێکخراوەکانی تایبەت بەم بوارە ڕۆڵی خۆیان کارا بکەن بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردە دزێوانەی، کە ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەدەستیانەوە دەناڵێنێ، نەك هاندان بۆ ئەو بێ بەندوباویە بێ سنوورەی کە دامێنی زۆربەی وولاتانی ڕۆژئاوای گرتۆتەوە؟! ئەو ئامارانەی کە لەخوارەوە باسیان دەکەین ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنن کە ئافرەت لەو شوێنانە تەنیا ئامرازێکە بۆ رابواردن و مافەکانیشی بریتین لە خۆ رازاندنەوە و بەکالاَ کردنی جەستە بۆ رازیکردنی پیاوان ، کەچی بەداخەوە لە بازاڕی ئێمەدا هەموو ئەوانە بە پێشکەوتن و شارستانیەت دەژمێردرێن. نکوڵی لەوە ناکرێ کە ئەوان لە زۆرلایەنەوە توانیویانە پێشڕەوی جیهان بکەن، بەڵام لە زۆرلایەنەوە بەتایبەتی لایەنی کۆمەڵایەتی زۆر لە دواوەی خەڵکی ترن، هەروەکو سیناتۆری ئەمریکی (ولیم فولبرایت) دەڵێت: ئێمە گەیشتینە سەرمانگ، بەڵام پێ و لاقمان هێشتا لەناو قوڕو لیتاو دایە، ئەمەیان کێشەیەکی حەقیقی یە، کاتێك دەزانین لە وولاتە یەکگرتوەکاندا زیاتر لە (11) ملیۆن کەس گیرۆدەی مەیخواردنەوەن و (44) ملیۆن کەسی تریش مەی دەخۆنەوە).

کاتێك ڕووداوێکی توندوتیژیی لە کۆمەڵگای ئێمەدا دژ بە ئافرەت روو ئەدات، ئەوان یەکسەر دەکەونە خۆ بۆ لێدانی ئایین و داب و نەریتی کۆمەڵگا، بێ ئاگا لەوەی کە هەموو کۆمەڵگاییێك – هەرچەند لە ریزی پێشەوەی شارستانیەتیش دابێت – لەم ڕووداوانە بێ بەش نیە، بۆ نموونە : لەو ماوەیەدا لە (یۆنان) باوكێك بە هۆی تۆڵە وەرگرتنەوە لە هاوسەرەکەی (60)جگەرەی لە سەر پشتی منداڵە(4) مانگاییەکەی خۆی کوژاندەوە. ئاژانسی دەنگوباسی (ئەلوەفد)ی یۆنان ڕایگەیاندووە کە ئەم باوکە بێ بەزەییە دوای شەڕو کێشە لەگەڵ هاوسەرەکەی (60) جگەرە لە سەر پشتی منداڵەکەی کوژاندۆتەوە و لە ئەنجامدا ئەم منداڵە گیانی لە دەستداوە. ناوبراو لە لایەن پۆلیسی ئەم وولاتەوە دەستگیر کراوە.

هەر لەو ماوەیەدا پیرەمێردێکی ئەمریکی دەستی هاوسەرەکەی و پەنجەی کچەکەی بڕی. سەرچاوەیەك لە پۆلیسی ئەمریکا ڕایگەیاند کە شەڕی خێزانی بۆتە هۆی ئەو کارەساتە، بە پێی ووتەکانی کچە (17)ساڵانەکەی ئەم بنەماڵەیە، کاتێك سەیریان دەکات باوکی دەیەوێ دەستی دایکی ببڕێ خۆی داوێتە ناو شەڕی دایك و باوکی و لە ئەنجامدا پەنجەی دەستی لێدەبێتەوە. دادگای ئەمریکا ئەم پیرەمێردەی بە (8) مانگ زیندانی حوکم دا.

هەروەها ژن و پیاوێکی ئەمریکی کە دەیانەویست کچە تەمەن (15) ساڵانەکەی خۆیان بۆ کڕینی ماددەی سڕکەر بفرۆشن، لەلایەن پۆلیسی ئەو وولاتەوە دەستگیر کران. پۆلیسی (ئۆهایۆ) ڕایگەیاند، (پاملاتیلی) و (گریگۆری) ویستویانە ئەم منداڵە (15) ساڵانەیە بدەن بەقاچاخچییەکی شاری (پیسبۆرگ) و لە بەرامبەریدا کۆکاین وەربگرن. ئەم قاچاخچییە بۆ سوود وەرگرتن لە لەشفرۆشی کچەکان و فرۆشتنی کۆکایین ئەم منداڵانەی کۆدەکردەوە. دادگای ئوهایۆ ئەم دوو هاوسەرەی هەر یەکیانی بە (30) ساڵ زیندانی حوکمدا.

هەروەها هەفتەنامەی (میدیا) لە ژمارە(205)یدا بڵاوی کردۆتەوە کە ئافرەتانی کارۆلانیای باشووری وولاتە یەکگرتووەکان بڕیاریانداوە خۆیان لە لەبەرکردنی تەنورەی کورت بە دوور بگرن، ئەوەش پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوتووە کە هەندێ کەس بە کامێرای شاراوە لە شوێنە گشتیەکاندا و بێ ئەوەی هەستی پێبکەن وێنەی قاچە ڕووتەکانیان دەگرن و دواتر لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاویان دەکەنەوە.

پاش ئەوەی کچێك ڕووبەڕووی ئەم ڕووداوە دەبێتەوە، وێنەگرەکە دەدرێتە دادگا لە (سانتا مۆنیکا)و دان بە کارەکەیدا دەنێت، دادگا بڕی(900) دۆلار کابرای وێنەگر سزا دەدات، کەچی کابرای وێنەگرەکە ناوی (تیم سای) یە دەڵێت : بڕی(60) هەزار دۆلاری لەو وێنانە دەستکەوتووە.

کاتێك ڕووداوێکی لەم چەشنە لای خۆمان ڕووی ئەدات، هەر زوو پەنجەی تۆمەت بۆ داب و نەریتی کۆمەڵگاو ئایین و... هتد درێژ دەکەن و بە هەزارو یەك بەڵگە بۆت دەسەلمێنن لەبەرنەبوونی ئازادی و داخراوەیی کۆمەڵگا گەنجان ناچارن بەم کارانە هەستن !!

ئەو پرسیارەش کە خۆی قووت دەکاتەوەو ناکرێ خۆمانی لێ بەدوور بگرین ئەوەیە: ئەرێ ئەوانەی جەستەی ئافرەت دەکەنە ئامرازێك بۆ دامرکاندنەوەی غەریزەکانیان و دوور لەهەموو بەهاو نەریتێك یاری بە جەستەیان ئەکەن کێن؟ مەگەر هەر ئەوانە نین کە مافی ئافرەتیان کردۆتە بنێشتەخۆشەی سەر زاریان و دەمێك بەبێ باسکردنی مافی ئافرەت ناژین؟! ئایا بەڕاستی دەیانەوێ مافە زەوتکراوەکانی ئافرەت بۆ ئافرەت بگێڕنەوە؟ یانیش فێڵێکە بۆ فریودانی هەرچی زیاتری ئافرەتان؟

لە کۆتاییەکانی مانگی (1)ی ساڵی (2004) لە دانیشتنێکی پسپۆرانی تایبەت بە مافی ژنان لە پەرلەمانی ئەوروپا لەبروکسل، بازرگانی بە لەشی ئافرەت بە یەکێك لە گەورەترین و بە سوودترین جۆرەکانی بازرگانی لە ئەوروپا ڕاگەیێنرا. هەروەها ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کۆچبەران کە بارەگاکەی لە(جنیف)ـە ڕایگەیاند کە ساڵانە نزیکەی (120) هەزار ئافرەت لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتەوە بە ڕێگای قاچاغ دەگەنە ئەوروپای ڕۆژئاواو لەوێ ناچار بە لەشفرۆشی دەکرێن. کەچی لەدیدی بازرگانەکانی لای خۆمان هەموو ئەوانە بە پێشکەوتن و شارستانیەت دەژمێردرێن !

لەو ماوەیەدا لە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی لێبوردنی جیهانی کە گۆڤاری (المستقبل) لە ژمارە (151)ی مانگی (ذي الحجة) ساڵی 1424ك بەرامبەر بەمانگی (1)ی 2004 بڵاوی کردۆتەوە هاتووە: ساڵانە (700) هەزار ژن لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستدرێژی جنسیان دەکرێتەسەر. هەروەها لەبەریتانیا ئەو گفتوگۆ تەلەفۆنیانەی کە لەو ژنانەوە دەردەچن کە لەماڵەوە دووچاری توندو تیژی دەبن و داوای یارمەتی دەکەن، بریتیە لە (525600) ڕووداوی توندو تیژی لە هەر دەقیقەیەکدا !!

دەبا پێکەوە سەرنجێك بدەینە هەندێ لەو ڕووداوانەی کە ژنان و منداڵان لەجیهاندا دووچاریان دەبن، بۆئەوەی ئەو ڕاستیەی سەرەوەمان زیاتر لا ڕوون بێتەوە.

بۆنموونە: ژمارەی لەشفرۆشان لە تایلەند بە (2) ملیۆن مەزەندە دەکرێت، هەروەها لە فیلیپین بە (300) هەزار، و لە ئەندۆنیسیا بە(500) هەزار، و

نزیکەی (8) ملیۆن لە هیند کە لەناویاندا (200) هەزار نیپالین، لە کۆریا (1–2)ملیۆن، لە مالیزیا(142)هەزار، لە وولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (1)یەك ملیۆن، لە ڤیەتنام (60 – 200) هەزار، لە ئیتالیا(50 –70) هەزار، لە هۆلەندا (25)هەزار، لە ئەڵمانیا نزیکەی (400)هەزار، لە پۆلۆنیا(200) هەزار ژن خەریکی لەشفرۆشین .

هەندێ لەڕێکخراوە ناحکومیەکان(**NGO**) و بۆنگاکانی نێونەتەوەیی لە هزری ئەوەدان کە ژنانی لەشفرۆش بە کارگەرانی (سێکس) بەناوبکەن و کارەکەشیان بە پیشەسازی (سێکس) بناسێنن، گوایە لەشفرۆشیش کارێکە وەك: کارکردن لە ریستۆران و کارخانەو... هتد. تەنانەت پەرلەمانی ئەڵمانی ئەوەی پەسەند کرد کە لەشفرۆشی بە پیشە دابنرێت وەك: ڕۆژنامەنووسی، بازرگانی، پزیشکی، ئەندازیاری و پیشەکانی تر، بەپێی ئەم یاسایە ژنی لەشفرۆش دەبێتە فەرمانبەرێکی یاسایی و لە ئەرك و مافدا وەکو فەرمانبەرێکی ئاسایی سەیر دەکرێت، یاساکە ئێستا چووەتە قۆناغی جێ بەجێ کردن و نزیکەی نیو ملیۆن ژنی داوێن پیس و لەشفرۆش بە ڕەسمی چالاکییەکانیان لەسەر خاکی ئەڵمانیاو لەخانەکانی لەشفرۆشی ئەنجام دەدەن، هەروەها بەپێی ئەم یاسایە لەشفرۆشەکان دەتوانن سوود لە قەرەبووی بێکاری و مەعاش و خانەنشینی و زەمانەتی پزیشکی وەربگرن، لە هەنگاوێکیشدا دەستەیێك لە ژنانی لەشفرۆش داواکاریەکیان پێشکەش کرد کە یەکەمین سەندیکای ڕەسمی لەشفرۆشەکان لە نێو یەکێتی گشتی سەندیکاکان لە ئەڵمانیای فیدراڵ تۆماربکەن، ئەمەشیان ئەو مافەیان دەداتێ کە خۆیان ئاشکرا بکەن و مان لەکارەکەیان بگرن و... هتد.

دەتوانین بڵێین ئەو کچە گەنج و هەرزەکارانەی کە بۆ بازرگانی(سێکس) پەلکێش دەکرێن جیاوازییێکی زۆر کەمیان هەیە لەگەڵ بە کۆیلەکردنی مۆدێرن. کارگەران شتومەك بەرهەم دێنن، بەلاّم ئەم ژنانە دروست وەکو سەردەمانی کۆیلایەتی بەشێوەی کالاّ دەکرێن و دەفرۆشرێن. سالاّنە زیاتر(100) هەزار ژن لە وولاّتە هەژارەکان بۆ وولاّتانی ئەوروپای رۆژئاوا، ئوسترالیا، ئیسرائیل، ژاپۆن، ئەمریکا، میرنشینانی عەرەبی کەنداو و وولاّتانی تر بەشێوەی قاچاغ ڕەوانە دەکرێن.

کۆیلەداری سەردەم لەم بازرگانیەدا سالاّنە ملیۆنەها دۆلار دەخاتە گیرفان. لەراپۆرتێکدا هاتووە: ڕادەی بازرگانی کردن بە ژنان لە ئیسرائیل سالاّنە دەگاتە نزیکەی یەك ملیارد (شیکل) کە دەکاتە (235) ملیۆن دۆلار. راپۆرتەکە کە لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوە لە پەرلەمان ئامادەکراوەو (زهافا جعلون) ئەندامی کنیست، سەرۆکایەتی دەکات دەڵێت: لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا (3000) تا (5000) ژن لە دەرەوە بۆ ئیسرائیل هێنراون بەمەبەستی وەگەڕخستنیان بۆ کاری لەشفرۆشی . هەروەها راپۆرتەکە دەڵێت: هەریەك لەو ژنانە بە (8–10) هەزار دۆلار کڕاون و هەریەکەیان تەواوی ڕۆژانی هەفتە کاردەکەن و ڕۆژانەش 14– 18 کاتژمێر خەریکی کارکردنن، ڕاپۆرتەکە دەریخستووە کە ئێستا زیاتر لە (10) هەزار ژن لەوانەی کە لە دەرەوە هێنراون بەسەر (400)خانەی لەشفرۆشیدا دابەشکراون لە سەرانسەری ئیسرائیلدا. ڕاپۆرتەکە ئەوەشی دەرخستووە کە کڕیار (120) (شیکل) دەداتە ژنێك کە لەبەرامبەردا لەگەڵیدا بخەوێت، بەلاّم لەو مەبلەغەدا کابرای گەواد تەنیا (20)شیکل دەداتە ژنەکەو پاشماوەکەشی کە (100) شیکلە بۆ خۆی دەگێڕێتەوە.

هەروەها جێگری پارێزگاری ئەستەنبول دەڵێت: لە ماوەی (18) مانگی ڕابردوودا هێزەکانی ئاسایشی تورك توانیویانە (39) تۆڕی فەسادی ژنان تەنیا لەو شارەدا ئاشکرا بکەن .

(محەممەد سیمەن) کە لە کۆنگرەی (بەرگری لە بازرگانی ژنان) لە شاری ئەستانبوڵ قسەی دەکرد ڕایگەیاند: فرۆشتنی ژنان دژی یاساکانی مافی مرۆڤە، بەلاّم لە وولاّتی ئێمەدا بە ئامانجی خراپ کردنی ژنان ئەو کارە دەکرێ و تورکیا لەو بارەیەوە وەکو یەکەم وولاّتی بازرگانی و فەسادی ژنان دەناسرێ. (سیمەن) هەروەها گوتی : کەسانێکی زۆر لە سەرانسەری جیهان بە تایبەتی لە وولاّتانی ئەوروپای ڕۆژهەلاّت دێنە ناو تورکیا بۆ ئەو مەبەستە . شایانی باسە لە تورکیا سالاّنە کەسانێکی زۆر لە پەنابەران بە هۆی فەسادی ئەخلاقییەوە سنوورداشی وولاّتەکانیان دەکرێن، کە تیایاندا ژنانێکی زۆریش دەبینرێن کە بە خواستی خۆیان هاتوونەتە تورکیا .

ڕێکخراوی یونیسیف ژمارەی ئەو مندالاّنەی کە بۆ بازرگانی لەشفرۆشی بەکار دەهێنرێن سالاّنە بە یەك ملیۆن منداڵ مەزەندە دەکات، لەوان: (400–500) هەزار منداڵ لە هیند، هەروەها (75) هەزار لە فیلپین و (800) هەزار لە تایلەند و (100)هەزار لە تایوان و (200)هەزار لە نیپال و(100–200) هەزار لە وولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و (500) هەزار لە ئەمریکای لاتین و (200–500) هەزار لە چین و (2)ملیۆن لە بەرازیل. تەنیا لە باشووری ئاسیا سالاّنە نزیکەی (200) هەزار ژن و منداڵ دەبنە قوربانی قاچاغچییەتی کردن بە مرۆڤ و زۆر لە گوندەکانی ئاسیای باشوور لە کچانی تەمەن 13–19 ساڵی چۆڵ بوون .

(800) هەزار گەنج لە تایلەند لەژێر گوشارو هەڕەشەدا کاری لەشفرۆشی دەکەن و داهاتی لەشفرۆشی 10– 14٪ لە بەرهەم هێنانی داهاتی وولاّت لە خۆدەگرێ. بەگوێرەی ڕاپۆرتی (ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کارگەر)، تایلەند لەم بارەیەوە لەخراپترین حاڵەتدا جێی گرتووە، فیلیپین و مالیزی و ئەندونیسیاش جیاوازیەکی ئەوتۆیان لەگەڵدا نیە .

## باشووری ڕۆژهەلاّتی ئاسیا

هەرچەندە وولاّتانی باشووری ڕۆژهەلاّتی ئاسیا بە شێوەیەکی ئاشکرا خەڵك بۆ لەشفرۆشی هان نادەن، بەلاّم ئابووری و سیاسەتیان تا چەندین پلە پێوەی بەندە. ئەوان دەزانن چ شتێك باشترین گەشتیار بۆ وولاّتەکانیان



ڕادەکێشێت و بە چ شێوەیێك کچانی گەنج ڕەوانەی دەرەوە بکەن، ئەم وولاّتانە بەم ڕێگایە دەتوانن باشتر قەرزەکانیان بە سندوقی نێودەوڵەتی دراوو بانکی جیهانی بدەنەوە، بەم شێوەیە دەتوانین ئەوان بە گەورەترین پاڵەوانی نێودەوڵەتی لەم بوارەدا ناو ببەین.

داهاتی باجی رەسمی یان غەیرە رەسمی (رشوە) دەوڵەت کە لە ئەنجامی مۆڵەت پێدانی مەی فرۆشەکان و ریستۆران و ناوەندەکانی داوێن پیسی بەدەست دێت، هەروەها ئەو داهاتەی کە لە خودی ئەو ناوەندانەوە بەدەست دێت دەخرێتە سەر بەشەکانی تری بازرگانی و پیشەسازی. بەهەرحاڵ لەشفرۆشی بەشێکی دانەبڕاوی ئابووری ئەم وولاّتانەیەو هەموو لایەنەکانی تری سەرمایەداری چ راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لەگەڵ ئەم پیشەیە تێکەڵ کراون، لەبەر ئەوەی سوودو قازانجێکی زۆری لێ ئەبینن بۆیە پەرە بەم کارە ئەدەن و بلاّوی ئەکەنەوە. هەرچەندە لەلایەن وولاّتانی ناوچەکەوە باس لە بەرەنگاربوونەوەی (سێکس)ی گەشتیاری دەکرێت، بەلاّم بەکردەوە تا ئێستا هەنگاوێکیان بۆ سنووردارکردنی نەهاوێشتووە.

لە تایلەندو کامبوج دەسەلاّتدارانی بالاّی دەوڵەت بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندیان بەم کارەوە هەیە، خۆ ئەگەر پەیوەندیشیان پێوە نەبێت هەر هەڵمەتێکی جیدی لە دژی لەشفرۆشی دەتوانێ گەورەترین زەبر لەو ئابووریە بدات، کە ئەوان لە گەشەکردنیدا بەرپرسیارن، زۆرێك لە ئافرەتان بە هۆی هەژاری و بارودۆخی خراپی ئابووری ولاّتەکانیان بۆ کاری لەشفرۆشی ڕاکێشراون .

قەیرانی ئابووری باشووری ئاسیا لە کۆتایی ساڵەکانی 1990 بارودۆخی زۆر دژوارتر کردووە، ژمارەی ئەو ژنانەی کە ڕوویان لە لەشفرۆشی کردووە بە شێوەیەکی ترسناك زیادیان کردووە، هەروەها ئەو وولاّتانەی کە پێشینەشیان لە پیشەی لەشفرۆشیدا نەبووە پەلکێش کراون .

بۆ نموونە : ڤیەتنام و کامبوج – کە لە دەیەی ڕابردوودا دەرگای

ولاتـەکانیان بـە رووی گەشـتیاراندا داخـستبوو، کەچـی ئـەمڕۆ پیـشەی لەشفرۆشـیان دەسـتپێکردووەو وێکـچوونێکی زۆریـان لەگـەڵ وولاتـانی وەك تایلەند و سریلانکا و فیلیپین پەیداکردووە .

ڕووخـانی ئـابووری لـە گونـدو دێهاتـەکان وایکـردوە ژیانیـان تێـدا نـەمێنێ، بەتایبەتی نەبوونی کار بۆ گوندنشینەکان بایی ئەوەندە کە ژیانی ڕۆژانەیان پێ هەڵسوڕێنن. ساڵانە لە تایلەند لەشفرۆشەکان نزیکەی(300) ملیۆن دۆلار بۆ خێزانەکانیان لەگوندو لادێ دەنێرنەوە. لەکامبوج 98٪ لەکچانی لەشفرۆش سەرچـاوەی بنـەڕەتی داهـاتی خێزانـەکانیان. ڕێکخـراوە ناحکومیـەکان بـەراوردیان کـردووە کـە : ئەگـەر ژمارەیێکی زۆر لـە ئافرەتـان واز لـە کـاری لەشفرۆشی بێنن ئەوا دایك و باوك و منداڵانیان برسی دەمێننەوە .

## ولاتانی بلۆکی سۆڤیەتی پێشوو

ڕووخـانی بلـۆکی سـۆڤیەت یـەکێك لـە سوودهێنەرترین بەشـەکانی ئـابووریی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئالبانی، ئۆکراین، ڕۆمانی، ملدوانی لە وولاتە هەژارەکانی ئەوروپا یەکێك لەسەرەکیترین داهاتیان ڕەوانەکردنی ژنانە بۆ بەندایەتیکردن لە ڕۆژئاوا. ساڵانە ژمارەیێکی زۆری ژنان لـە وولاتـانی بلـۆکی سـۆڤیەتی پێشوو وەك : ئوسلوواکی، ڕوسیا، گورجستان، ئەرمەنستان ... هتـد، بـۆ ئـەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا بەڕێگای قاچاغ ڕەوانە دەکرێن. قاچاغچیەتی کردن بـە ژنان بووەتە بەشێکی دانەبڕاوی ئابووری ئەم وولاتانە و لـە زۆر حاڵەتیشدا ڕۆڵێکی گرینگ لە ئابووری بازاڕدا ئەگێڕێ . ئەو داهاتەش کە لە ئەنجامی کاری داوێن پیسی پێیـان دەگـات بریتیـە لـە دروسـتکردنی چـەندین بـورج لـە (ئالبـانی) و (ملدوانی) .

(یونیـــسیف) بـــەراورد دەکـــات کـــە لـــە (10) ســـاڵی ڕابـــردوودا تـــا ئێستا(100)هـەزار کـچی گـەنجی ئالبـانی لـە وولاتـانی ئـەوروپای خۆرئـاوا بەکاری لەشفرۆشییەوە خەریکن .

ئەو بەڵگەنامانەی کە لەلایەن (یونیسیف) و ڕێکخراوی منداڵپارێزی جیهـانی بڵاودەکرێنەوە دەریانخستووە کە: 80٪ لەو کەسانەی کە لـە ئالبان و ملدوانی بـەڕێگای قاچـاغ ڕەوانـەی دەرەوە دەکرێن منداڵن و ڕێـژەی تەمـەنی ئـەو کـوڕو کچانەی کە بە ڕێگای قاچـاغ بـۆ کـاری لەشفرۆشی ڕەوانـە دەکرێن زۆر کـەم بۆتەوە، کچان و گەنجان لە ڕێگای خێزانەوە یان دۆست یان پروپاگەندەی درۆ بـۆ کـارکردن لـە شـوێنەکانی وەك: ڕیـستۆران، چـاودێری کردنـی منـداڵان، کارکردن لە ریستۆرانەکانی تایبەت بە ژنان دەکەونە داوی ڕاوچییان . زۆربـەی زۆری کـاری قاچاغچییەتی بە ڕێگای بانـدو پـەیمانکارەکان ئـەنجام دەدرێت، ئەویش بە بەڵێنی ژیانێکی باشترو پول و پارەی زیاتر. بەتەنیا دەربازبوونی ئـەم ژن و منداڵانـە لـە سـنووری وولاتـەکانیان یەکـسەر هـەراج دەکرێن و بـەخاوەنانی نوێیـان دەفرۆشـرێنەوە، تـا ئێـرە ئـەم کچ و منداڵانـە بڕێکـی زۆر قـەرزداری قاچاغچیانن، چـونکە خـەرجی سـەفەری ئـەوانیان کێـشاوە، بۆیـە ناچاردەکرێن بۆ دانـەوەی قـەرزەکانیان هـەموو ڕۆژانـی هەفتـە جەسـتەیان بـە دەیـان کڕیـار بفرۆشـن. قەرزەکانیشیان هـەرگیز تـەواو نابێـت، چونکە نیـوەی داهاتیـان بـۆ خانـەی لەشفرۆشـیەو نیوەکـەی تریـشی بـۆ قاچاغچیانە، پێیـان دەگوترێ: ئەگـەر سـەردانی پۆلیسیش بکـەن ئـەوا خۆیـان دەگیرێن و ئـەوکات خێزانـەکانتان ناچـارن لـە جیـاتی ئێـوە قـەرزەکانتان بدەنـەوە. زۆربەشـیان هەڕەشـەی ئەشـکەنجەدان و کوشـتنیان لێـدەکرێت، ئەگـەر ئـەوان هـەوڵی خۆدزینەوەش بدەن هەرگیز بۆیان مەیسەر نابێت بگەڕێنـەوە ناوخێزانەکانیان. هەندێکیشیان کە جورئەتی خۆدزینەوە بەخۆیان ئەدەن و هەڵدێن، سەرلەنوێ و بەپەلە بەڕێگای قاچاغ تەسلیم بە قاچاغچییەکان دەکرێنەوە .

## بازرگانی جیهانی

لەکاتێکـدا باشـووری ئاسـیاو ئـەوروپای ڕۆژهـەڵات سـەرەکیترین دابینکـەری کچانی جوانن بۆ کڕیارانی ڕۆژئاوا، کەچی هەژارترین ناوچەی جیهان بووەتە ئامانجی ئەم بازرگانیە/ ساڵانە نزیکەی (1000) کـەس لـەنێوان تەمـەنی 14-24 ساڵ لە مۆزامبیقەوە بۆ ژوهانسبۆرگ بەقاچاغ ڕەوانە دەکرێن و لەوێشەوە بەزۆرداره‌کی ناچاردەکرێن کار لـە ریستۆرانەکان بکـەن، یـانیش دەسـت بدەنـە کاری لەشفرۆشی .

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەراوردی کردووە کە لەبەرازیل (2) ملیۆن کەس لە گەنجانی تەمەن خوارتر لە (18) ساڵ خـەریکی لەشفرۆشین. هـەزاران ژنی کۆلۆمبیایی بە بەڵێنی درۆی کار لە ژاپۆن دەکەونە تەڵەی لەشفرۆشی، ئەم ژنانە لە کاتی گەیشتنیان نازانن چ چارەنووسێك چاوەڕوانیان دەکات، بـەڵام دەوڵەتی ژاپۆن بە دەرکردنی ویزا بەناوی (بەزمگێڕو سەماکار) باش دەزانێ چ شـتێك چـاوەڕوانیان دەکـات، تەنانـەت وولاتـانی ئیـسلامیش وەك: ئێـران، مەراکیش، تونس، لەم دواییەدا بەرەو داوێن پیسی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی نهێنی پـەلکێش کراون. ژمارەیێکی زۆر لـە ژنان ناچار بەکاری داوێن پیسی دەکرێن و هەندێکیشیان بە ڕێگای قاچاغ ڕەوانەی مێرنشینانی ناوچەی کەنـداو دەکـرێن. بـەگوێرەی هـەواڵێکی هەواڵـدەری ئێرانـی (ایرنـا) بـە شێوەیەکی گشتی ڕۆژانە (54) کچی ئێرانی کە تەمەنیان لە نێوان 16-25 ساڵیدایە بە پاکستان دەفرۆشرێن، کە زۆربەیان لەوێشەوە بۆ وولاتانی تر ڕەوانە دەکرێن .

بە گوێرەی سەرژمێری وەزارەتی کیشوەری ئەمریکا ساڵانە(600- 800) هـەزار کـەس لـە سنوورەکان بە ڕێگای قاچاغ دێنـە نـاو ئـەو وولاتـە. ئـەو قازانجـەی کـە لـەم بازرگانیەشـدا بەدەسـت دێـت بـە چـەندین بلیـۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت .

لە کۆنفراسی (ئەسینا) ئاشکرابوو کە (20) هەزار ژنی بێگانە کە زۆربـەیان لە وولاتانی بلۆکی سۆڤیەتی پێشوون، لە ژێرناوی (بەندەکانی سێکس) بە یـەك بلیـۆن دۆلار دامـەزرێنراون، ئـەم ژنانـە بـەناوی خزمـەتگوزار تەسـلیم بەیەك ملیۆن پیاو دەکرێن لە ئەسینا.

ئێستا (80) هەزار ژنی لەشفرۆش لە بەریتانیا خەریکی کاری لەشفرۆشین، لە ڕاپۆرتێکی زانستیدا دەرکەوتووە کە پیاوان(200) ملیۆن (پاوەند) لە ساڵێکدا خـەرجی کرداری داوێن پیسی دەکـەن، نیوەی ئـەو مەبلەغەش لـە (ماساژو سونا) خـەرج دەکرێت، ئـەم پیشەیە لـە بەریتانیا ساڵانە نزیکـەی (770) ملیۆن پاوەند قازانجی هەیە .

ساڵانە نزیکەی(600) هەزار کـەس بـە ڕێگەی نایاسایی دەگەنـە ئـەوروپای ڕۆژئـاوا، کـە زۆربەیـان دەکەونـە ژێـر بـەکارهێنانی جنسی. سـاڵی ڕابـردوو پۆلیسی لەنـدەن (300) کـچی گـەنج و (10) منـداڵی لـە فاحیشەخانەکان دەرهێنا، لە نێوانیاندا 19٪ بەریتانی و 25٪ خـەڵکی ئەوروپای ڕۆژهـەڵات و16٪ خـەڵکی باشـووری ڕۆژهـەڵاتی ئاسـیاو، 12٪ خـەڵکی ئـەوروپای ڕۆژهەڵات و، 2٪ خەڵکی ئەفریقیا بوون و زۆرترین ژمارەیان خەڵکی تایلەند و ڕوسیاو بەرازیل و کۆسۆڤۆ بوون، بەڕێوەبەری پۆلیس (کریس برادفورد) گوتی : ئەمەیان وەك بازاڕی کۆیلە فرۆشی وایە .

بارودۆخ لە فەرانسە، ئیتالیا، سویس، هۆڵەند، ئەڵمان، سوید ، لەمە باشتر نیـە. بـۆ نموونـە: دوای زیـاد بـوونی بازرگـانی کـردن بـە ژنـان لـە ئـەوروپـا، شارەوانی ڤیەننا ڕایگەیاند کە پرۆژەیەکی بەدەستەوەیە، کە تیایدا هـەوڵ دەدرێ بۆ کەم کردنەوەی ئەم گرفتە. (سۆنیا وەزلی) ئەندامی شارەوانی ڤیەننا لـەو بارەیـەوە ڕایگـەیاند کـە: شارەوانی ڤیـەننا بڕی(100) هـەزار یورۆی بە مەبەستی پروپاگەندە بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی ئەوروپا لـەو گرفتە تـەرخان کـردووە. ساڵانە زیاتر لـە (500) هەزارکـەس لـە وولاتانی ئـەوروپی دەبنـە قوربـانی ئـەو گرفتە. گروپـەکانی بازرگـانی کـردن بـە ژنان زۆربەی ئەو ژنانە لـە وولاتانی هـەژار بە بەڵێنی کار دێننـە نـاو ئـەوروپا و دوایـی دەیانـدەنـە دەسـتی هـەڵسوڕێنەرانی فەسـادو زۆربـەی ئـەو ژنانـەش تەمەنیان کەمە. بە پێی ڕاگەیاندنی دەزگای دژایەتی تاوانی نەمسا ساڵی ڕابردوو (337) ژن لەو وولاتەدا بوونەتە قوربانی بازرگانیکردن بە ژنان.

(پورنـوگراڤ)ش لەپەیوەنـدی بـەژنان هاوشـێوەی لەشفرۆشـییەو دەتـوانرێ ئـەو بـە بەشـێکی گـەورەتر لـە (لەشفرۆشـی ) حیـساب بکرێـت . داهـاتی فیلمەکانی (پورنو) لە ئەمریکا زیاترە لە(15) بلیۆن دۆلارو داهاتەکەشی لە داهـاتی فیلمـەکانی هۆلیـوودی زیـاترە، ئەمەشـیان قـەرزداری ڕەوانـەکردنی ژنانە لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات .

لـە بـەریتانیا ئاشـکرابوو کـە سـەرۆکی یـەکێك لـە گۆڤارەکـانی یاسـایی پورنـوگراڤ یـەکێك لـە پـارێزەرانی گرنگـی دارایـی حزبـی (کارگـەر)ی دەسەڵاتدارە.

ئەمە واقیعیـەتی ئـەوهات و هاوارەیـە کـە بـۆ مـافی ئـافرەت و منـداڵ لـە جیهانی ئیمڕۆدا دەکرێ، کە بێجگە لە بازرگـانیکردن بـە ئافرەت و منداڵ هیچی تری لێ نەکەتۆتەوە !!

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە :

1- موسوعة الإعجاز العلمي فى القرآن الكريم والسنة المطهرة . يوسف الحاج احمد لاپەرە 620.

2- سایتی (el-moughtarib

3- سایتی (egypty

4- سایتی پەیامنێر .

5- ڕۆژنامەی( ئوبزیروەر) 15 ئەبریلی ساڵی 2004 .

6- ڕۆژنامەی( گاردیان ) 19 ئۆگوست 2004 .

7- سرويس خبرى جهانى براى فتح ، وەرگێرانی : هما غفوری .

8- بەشی فارسی ڕادیۆی ئەڵمان، ڕاپۆرتی شرین جزائری .

# زوو ژنهێنان، زوو شووکردن.. جیابوونەوە

هێمن عەلی

**نەتـــــەوە** یـەکگرتووەکان وەهـا پێناسـەی "گـەنج"یـان کـردووە: گـەنج ئەوانـەن کـە لـە تەمـەنی نێـوان 18 تـاکو 35 ساڵیەوەن؟ ئەمەش پشت ئەستوورە به کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و فسیۆلۆژیەوە.

لێرەدا بۆمان نییە ئەو راپرسییەی کە لە سەر ئەو دیاردەیەی کردوومانـە ئاشـکرا بکـەین. زوو ژنهێنـان و شـووکردن، هاوسەرگرتنێکی بێتام و خۆشەویستیە.

ژنهێنان و شووکردن پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە لە نێوان دوو کەس دەبەسترێت، ئەو دوو کەسە دەکەونە ژیانێکی نوێ، کە ژیانی خێزانییە. ئەو تاقیکردنەوەیە لە لایەن خودای گەورە و پەیامبـەری خـودا "محەمـەد" (د.خ) بـە ئـەرك دانـراوە، کـە پەیامبەری خودا بە ( سنة الحياة ) بۆ موسڵمانان داناوە، بەڵام پەیامبـەری خودا "محەمـەد" (د.خ) ئـەو سونەتەی لـە تەمـەنی (25) ساڵیەوە لە یەکەم هاوسەرگرتندا دەگەڵ یەکەم خێزانی خەدیجەدا بەجێ هێنا.

لـە سـەر ئـەم بنەمایـە دەتـوانین بڵـێین ئەگـەر زوو ژنهێنان و شـووکردن شـتێکی بـاش بوایـە، بێگومـان پەیامبـەری خـودا "محەمـەد" (د.خ) زووتـر ژنـی دەهێنـا و ئـەو یاسایەشـی بـۆ موسڵمانان دادەنا...!

مەبەسـتمان لـە زوو ژنهێنـان و شـووکردن (الـزواج المبكـر) ئەوەیە، کە لە پێش تەمەنی (20) ساڵیەوە بچنە ناو قەفەسی زێرینەوە!!!، کە ئاشکرایە مرۆڤ لەو تەمەنەدا ئەگەر لە خوێندن دانەبڕابێت، ئەوا قوتابیە و لە قۆناغێکی خوێندندا دەخوێنێت.

لە سەرەتادا بە پێویستم زانی بۆچوونی زانای ئایینی (مەلا رەزا) وەربگـرم، ئـاخۆ ژنهێنـان لـە ئـایینی پیـرۆزی ئیسـلامدا چییە و ئایینی ئیسلام چۆن دەڕوانێتە دیاردەی ( زوو ژنهێنان و شووکردن )؟

مامۆسـتا (مـەلا رەزا) لـە سـەرەتای قسـەکانیدا، لـە سـەر حوکمـەکانی ژنهێنـان (الـزواج المبكـر)دا، فەرموودەیـەکی پێغەمبـەری هێنـاوە، کـە دەفـەرموێ: (یـا معـشر الشباب! مـن استطاع منكم الباءة فيلتـزوج فانة اغض للبصر، فاحصن للفرج، ومن لم يستطيع فعلية بالهوم فانة لة وجاء).

واتای بە کوردیەکەی (ئەی کۆمەڵی گەنج و لاوان هەرکەسێك لە ئێوە گەر پارە و سامان و پێداویستییەکانی ژنهێنان و توانای جنسی هەیە با ژن بهێنێ، چونکە بە هۆی ژنهێنانەوە چاو لە ئاست حەرامـدا دەپـارێزێ، هـەروەها ژنهێنـان دەبێتـە قـەڵای پاراستنی داوێن پیسی. هـەر کەسـێکیش توانـای ژنهێنـانی نەبوو، با بەڕۆژوو بێ، چونکە بەڕۆژوو بوون بۆ ئەو قەڵغانە و پارێزەریەتی لە خراپە کردن).

هـەروەها(مەلا رەزا) گـوتی: دەتوانین حوکمی ژنهێنان لەسەر ناوەڕۆکی ئەم فەرمودەیە بدەین، کە ڕستەیەکی مەرجییە، کە دەفـەرموێ (مـن اسـتطاع) واتـا بـۆ ئەوانـەی ژن دەهێـنن چـەند مـەرجێك دادەنێـت:(پـارە و سـامانی ئەوەنـدە هـەبێت، بەشـی پێداویستییەکانی ژنهێنـان و (ولیمـة) بکـات، توانـای سێکسی هەبێت و (مخنث) نەبێت، داهاتێکی هەبێت، بتوانێت ژیانی بگوزەرێنێت).

ئنجا ئەگـەر ئـەم فەرمانانـەی هـەموو تـەواو جێبـەجێ کـردن، ئـەوا لەسـەری پێویستە ژن بهێنێت، بەڵام ئەگەر لە توانایدا نەبوو (ومـن لم يـستطع) جا لەبەر هەژاریـەوە بێ، یـان هـەر هۆکارێکی تـرەوە، ئـەوا جائیز نییـە ژنبهێنێت، با لـە جیاتی (ژنهێنان) بەڕۆژوو بێت و ئارەزووەکانی نەفسی پێ بمرێنێت.

مامۆستا (مەلا رەزا) لە کۆتایی قسەکانیدا بۆچوونی خۆی بەم شێوەیە لە سەر ئەو دیاردەیە دەربڕی، گوتی"من پێم باش نییە قوتابی لە قۆناغی خوێندندا ژنبهێنێت، بە تایبەتی ئەگەر کار بکاتە سەر ئاستی خوێندنی و دوا بکەوێت، یان لە خوێندن دابڕێت، بەڵام ئەگەر هاتوو باری گوزەرانی خراپ بێت (کەم



کاتێك هاوسەریەتی دەبێتە کاری منداڵان — کۆوار

دەرامـەت بێـت)، لـەو حاڵەتـەدا هـەر جـائیز نییـە و هەنـدێك لـە فوقـەهاکان بـە حەرامیشی دائەنێن (والله اعلم).

(ئەیاد ئەحمەد) مامۆستای زمانی عـەرەبی و پـەروەردەی ئیسلامی، دەڵێت"بە رای من بیر و باوەڕی خێڵەکی هۆکاری سەرەکییە، کاتێك دایك و باوکی کچەکە ئامادەنین بە کەسی بێگانەی بدەن، لەوانەیە هەر لە منداڵیەوە بۆ کوڕە مام، یان کوڕە خاڵی خۆی داناوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە ئـەم دیاردەیـە شـتێکی خـراپ و نـەخوازراوە، بـەڵام لـە چـەندین لایەنـەوە چاکترە ژن و ژنخـوازی لـە دەرەوەی سنووری خزمایەتییەوە ئەنجامبدرێ.

هـەروەك ئیـسلامیش هـانی ئـەم مەسـەلەیەی داوە، ئەمـەش لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ".

زۆر جار زوو هاوسەرگرتن کێشە بۆ کەسەکە دەنێتەوە، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو قوتابی بێت، چونکە ئەستەمە بتوانێت هاوسەنگی لە نێوان ژیانی هاوسـەرێتی و خوێندندا ڕابگرێت، ناچارە یەکێکیان بکاتە قوربانی ئەوی تر، لـە ئەنجامدا کێـشەی کۆمەڵایـەتی لێپەیـدا دەبێـت وەك: جیابوونـە و تەڵاقـدان و ڕاکـردن و دەستدرێژی کردنە سەر یەکتری.

لە وانەیە هەندێك جار بە کارەساتی دڵتەزێنیش کۆتایی بێت و بگاتە ڕادەی کوشـتنی بـە ئەنقەسـت (قتـل عمـدی)، یـاخود ناچار بکرێـت پـەنا بباتـە بـەر خۆکوشـتن یـان خۆسـووتاندن، کـە ئەمـەش بـە زۆری لـە لایـەن هاوسـەرە ئافرەتەکانەوە ڕوو دەدات.

(سـەرهات عاشـق) تەمـەن (18) سـاڵ، مـاوەی سـاڵێکە لـە خێزانەکـەی جیابۆتەوە، بە هەناسەیەکی ساردەوە کەوتە باسکردنی چیرۆکی ژیانی خۆی و وتی:

من لەو کاتەی ژنیان بۆ هێنام، تازە چووبوومە قۆناغی ئامادەیی، تەمەنم تەنها



## جیابوونەوە.. گەورەترین گرفتی سایکۆلۆژی منداڵ کۆوار

(15) ساڵ بوو، لە خێزانەکەماندا برای بچووك بووم، باوکم تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو، بارودۆخی خێزانەکەمان بە هۆی باوکمەوە تێکچووبوو. باوکم لە گیانەلادا، ئاواتی بوو من بە باوك ببینێت و کوڕەزایەکی خۆی لە دونیادا ببینێت، ئەمەش وایکرد باوکم خوازبێنی ئامۆزایەکم بۆ بکات، کە کچێکی نەخوێندەوار بوو، تەمەنیشی بە (5) ساڵ لە من گەورەتر بوو، هەرگیز دڵیشم بۆی نەدەچوو، بەڵام دواجار لە بەر خاتری باوکم ڕازی بووم، ژنم گواستەوە (3) ساڵان لەگەڵ ئەو ژنەم گوزەراند. باش بوو نەبوومە باوك (خوای گەورە منداڵی پێ نەداین، باوکیشم بەو خەمەوە سەری نایەوەو ئەو ئاواتەشی بردە ژێر گڵ!!!

(سەرهات) بەم چەشنە لەسەر قسەکانی بەردەوام( هەر لەو ڕۆژەوەی ئەو ژنەم هێنا، بۆمن سەرئێشە بوو، ئەو لە مانای ژیان نەگەیشتبوو، هەموو شتێك لە لای ئەو بێ نرخ بوو، ئەو ژنە حەزی نەدەکرد من بخوێنم، قوڕکاری پێ لە خوێندن باشتربوو!! داواکاری وای هەبوو لە توانامدا نەبوو، وەك دەی وت: دەبێت خانووم بۆ بکڕی، ناو ماڵی جوانم دەوێ، خۆی دەیزانی من هیچ داهاتێکی نەبوو، لە ماڵەوە بەخێری خۆیان دەیانژیاندم. ئەوەی زیاتریش هانی دەدا تا ئەو جۆرە ڕەفتارە نادروستانە زیاتر بکات، دایکی خێزانەکەم بوو، کە ژنێکی شەڕانگێزبوو، جەنگی دەروونی و ڕەفتاری ناشرینی فێری کچەکەی دەکرد. ئەو سێ ساڵەی لەگەڵ ئەو ژنەم گوزەراند، ناخۆشترین ڕۆژگاری تەمەنم بەسەر برد، تا لە کۆتاییەکەی تووشی بێزراوترین (تەلاق) هاتم و لە یەکتر جودا بووینەوە).

لە کۆتاییدا (سەرهات) باسی هۆکاری جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی کردو گووتی: هاوسەرەکەم لە لایەن دادوەر سکاڵای لێکردم، کۆمەڵێك قسەی هەڵبەستراوی لە دژ من کردبوو وتبووی: (ئەو کابرایە لە منی داوە، ئازاری بە جەستەم گەیاندووە)، پاشان چووبووە لای پزیشکی ئافرەت راپۆرتی هێنابوو، پشتگیری ڕێکخراوی ئافرەتانیشی پەیدا کردبوو، ئەوانەی هەموو بردبوونە پێش (دادوەر)، دادوەریش ماوەی (8) ڕۆژ منی دەست بەسەر کرد، ئەودەمیش وادەی تاقیکردنەوەی ئەزمونەکانی نیوەی ساڵ بوو- ئەمەبوو چیرۆکی ژنهێنان وجیابوونەوەمان.

(سەروان قادر) تەمەنی (19) ساڵە، بە هۆی ژنهێنانەوە لە خوێندن دابڕاوە، لە خێزانەکەیاندا کوڕی گەورەیە، باوکی( سەروان )کۆچی دوایی کردووە. لە پاش مردنی باوکی، بۆتە سەرپەرشتیاری خێزانەکەیان، (سەروان) لەو ماوەیەدا دەیخوێندن و کاریشی دەکرد.

کە هۆکاری زوو ژنهێنانەکەم لێپرسی، پێی وتم: کاکە منیش پیاوم وەك هەموو عالەم، خۆم تووشی ئەو کەریەتیە کرد، من بە زوو ژنهێنان دەڵێم کەرایەتی. پاشان لێم پرسی بۆچ وازت لە خوێندن هێناوە و قوتابخانەت بە جێهێشت؟ ساتێك بێدەنگ بوو و لێم ڕاما، ئنجا لە سەرخۆ وتی:

مامۆستا دەڵێی تێ ناگەی؟ خۆ کەر نینە؟ ئەی نابێت شتێك بخۆین و بخۆینەوە، جلێك دەبەر بکەین و مەسروفێك بکەین، وەڵاهی ئەگەر هەر بمخوێندبایە و کرێکاریم نەکردبا ئەوا حاڵمان لە سەگ خراپتر دەبوو. سەروان وتی: لە بیرم چوو کە پێت بڵێم ئێمە کرێچیشین، لە خانوویەکی فوول تەجاوز بەکرێین. بە مەمنونی مانگێ (90000) نەوەد هەزار دینار کرێ ئەدەین و کاریشم ئاسەنگەرییە و ڕۆژانە (10) کاتژمێر زیاتر کاردەکەم، کەچی هێشتا بەشی خەرجی و پێویستییەکانی ماڵەوەمان ناکات.

(سەروان) لە کۆتاییدا وتی: پەند و ئامۆژگاری من بۆ هەموو گەنج و لاوان ئەوەیە، کەس وەك من خۆی کەر نەکات و زوو ژن نەهێنێ، کوڕینە ئەگینا دوایی پەشیمان دەبنەوەو پەشیمانیش داد نادات. هەر چەندە زۆریش باوەڕم بە پەندو مەند نییە، بەڵام چی بکەم، ئەرکە لە سەر من بە ڕاستی بۆ منداڵان، ببورن بۆ مێردمنداڵان، ئەمە ڕوون بکەمەوە.

(ڕەمەزان سلیمان) پسپۆر لە بواری دەروونناسی پێی وایە ئەم دیاردەیە، دیاردەیەکی مەترسیدارە، کە ڕوو بەڕووی کۆمەڵگای کوردستان بۆتەوە، سەرباری ئەوەی کە بە هۆی چەند دیاردەیەکی ترەوە، تووشی قەیرانێکی کۆمەڵایەتی بووە وەك: کۆچ کردنی لاوان بۆ هەندەران، دیاردەی قەیرە کچی (العنوسة)، زێدەبوونی تەلاقدان، ئەگەر ئەم دیاردەیەشی بێتە سەر، بێگومان ڕەوشەکە زیاتر ئاڵۆز دەکات.

ئەو بەم جۆرە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو( نابێت ئێمە لە ترسی دیاردەیەکی مەترسیداری وەك قەیرەیی، هانی دیاردەیەکی مەترسیدارتر بدەین، کە بەڕای من هێشتان دیاردەی قەیرە بوونەکە چاکترە؟، چونکە ئەو دیاردەیە گەلێك درەنگ (موزاعەفات)ی لە دوایە، کە گرنگترین ئەم لایەنە سلبیانەش: کامڵ نەبوونی گەشەی ژیری – سۆزی کەسەکە، کە لە تەمەنێکی هەرزەکاریدایە.وێڕای سەر نەکەوتن لە هەڵبژاردنی هاوسەر، چونکە هێشتان عاتیفەی تەواو پێنەگەیشتووە. پاشان لەم تەمەنەدا، پێکهێنانی (ژیانی هاوسەری) لە سەر بنەمای خۆشەویستی نییە، بەڵکو لە سەر ئەساسی (حەزە) واتە (ئیعجاب بوون)ە، هەروەها بە زۆری ئافرەتی تەمەن بچووك، مناڵی بە شێوەیەکی سروشتی نابێت و ناتوانن مناڵەکایان لە ماوەی سکپڕیدا بپارێزن، بۆیە حاڵەتی لەبارچوون (اجهاض) لەو ئافرەتانە زیاترە.

جگە لەوەی ئەوانەی لەتەمەنی زوو ژندەهێنن بە هیچ شێوەیەك نایانەوێت خۆیان لە نێو خەڵکیدا ئاشکرا بکەن، بەمەش دووچاری رەوشێکی دەروونی خراپ دەبن. ئەم ڕەوشە لە ناو خودی کەسەکە ململانێی دەروونی پەیدا دەکات، کە سەرئەنجام ئەم ناکۆکیە دەروونییە بەرەو نەخۆشی دەروونی دەبات).

(مامۆستا ڕەمەزان) پێیوایە، کە زۆر بوونی حاڵەتی تەلاق، ڕەنگە لە ئەنجامی تەشەنەکردنی ئەو دیاردەیە ڕووی لە زیادی کردبێ!!! کە بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی (2005) لە دادگای بەرایی شاری سۆران، (91) حاڵەت بووە.

لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکە لە کێشە و ئاستەنگ و دیاردەگەلی جیاجیا بەدەرنیە، گرفت و ئاریشە کۆمەڵایەتیەکان لـە زۆر لاوە رووبـەرووی خێزانـی کوردی بوونەتەوە، بەتایبەت گرفتەکانی پەیوەندیدار بە ژیانی منداڵ وگەنج و ژنـان و پێکهاتە جیاجیاکـانی دیکـەی کۆمـەڵی کـوردەواری، ( کـۆوار ) بەچـاکی زانـی دوو لـە لاپەرەکانی خۆی بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسە تەرخان بکات.. لەم رووەشەوە هەوڵدەدەین لە رێی پسپۆرانی پەیوەندار بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و سوود وەرگرتن لـە ئینتـەرنێت پرسیارەکان وەڵامی پێویستیان هەبێت.

# گرفتی من..

سروە کەریم مستەفا

*من کورێکی تەمەن ( 7 ) ساڵانەم هەیـە، زۆر لـە منـاڵانی دیکە دەترسێ و هەرگیزیش حەزناکات بچێتە قوتابخانـە، ئەگەر مـن یـان یـەکێك لـە براکـانی لەگەڵیـدا نـەبین، کاتێکیش منداڵانێکی هاو تەمەنی خۆی، یـان بـچوکتر لـە خۆی دەبینێ زۆر بە سەیری دەگرێی.

_ ئەم کێشەیە زۆرێـك لـە خێزانـان پێیـەوە دەناڵێنن، چـونکە هەمیـشە منـاڵان لـە رۆژی یەکـەم و هەفتـەی یەکەمی سەرەتایی قوتابخانە، هەست بە ترس دەکەن، ئەمەش لەبەر دورکەوتنـەوە لە ماڵ و تێکەڵ بوونە بە ژینگەیـەکی جیـاواز، هـەر کـاتێکیش لـەو ژینگەیـە راهات، مەسەلەکە ئاسایی دەبێتەوە، بەڵام بەمەرجێك لە قوتابخانە مامەڵەی تەندروستی لەگەڵ بکرێ. بەهەر حـاڵ، بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو کێشەیە ئـەم چـەند رێنمایە بۆ منداڵەکە بکەن.

1_ دیارییـەکی بـۆ بکـرن، کـە خـۆی خۆشـی دەوێ و پێی بڵێن لە قوتابخانە بۆی هاتووە.

2_مامۆستایانی ئاگاداربکەنەوە لەو ترسە، بۆ ئەوەی تـا چـوونە ژوورەوەی پـۆل ئاگـاداری بـن، نـەوەك قوتابییەکانی تر ئەزیەتی بدەن.

3_ هەر چۆنێك بێت، تا ماوەیەك یـەکێك لـە ئەندامانی خێزانەکەی لەگەڵی بچێتە قوتابخانە، تا رادێت.

4_نابێـت بـە هێزێکـی جـەبری رازی بکـەن بـچێتە قوتابخانە، بەڵکو دەبێت بەشێوەیەکی ئاسایی رازی بکـەن، هـەر کـاتێکیش رەفزی کـردەوە، هەمەدیس بە ئاخافتنێکی خۆشتر هەوڵی لەگەڵ بدەن.

5_ ئەگـەر یـەکێك لـە جیرانـەکانتان منـداڵێکی هاوتەمـەنیان هـەبوو، هەوڵبدەن لەگەڵی بگونجێنن تا بەیەکەوە هاتوچۆی قوتابخانە بکەن.

6_ هەمیشە لـە نێـو جانتاکـەی ئـەو شـیرنەمەنی و خواردەمەنیانـەی بـۆ ئامادەبکـەن، کـە خـۆی خۆشـی دەوێن و بە مامۆستاکەشی بڵێن لە خواردنی رێگر نەبێت.

7_ داوا لـە مامۆسـتاکەی بکـەن، کـە هـەرکاتێك کورەکـەتان ویـستی بـچێتە سـەر ئـاو، لـە پـۆل رێـی پێبدات.

8_منالەکەتان پێش چوونە قوتابخانە ماچ بکەن و لە هاتنەوەشی رێی پێبدەن باسی قوتابخانەکەتان بۆ بکات و لـەو رووەوە هـانی بـدەن، دەستخۆشـی لـە کـردارە جوانەکانی ئەو رۆژەی لێبکەن.

9_ئەگـەر بـۆ بـاری ئـابووری ئێـوە زەحمـەت نـەبێت، هەوڵ بدەن شیرنەمەنی بدەن بە هاورێکانی، تا لـەو رێیـەوە منالەکـەی ئێویـان خۆشـبوێ و هەوڵبـدەن خۆشەویـستی لـە نێـوان منالەکـەتان و برادەرەکـانی دروستبکەن.

10_هەمیشە هەوڵ بدەن لە قوتابخانە ئاگاداری بن و لەگـەڵی بەخەنـدە مامەڵـە بکـەن و زوو زوو سـەردانی



لە کوردستان هەزارەها منالٌ بە دەست ترسەوە دەناڵێنن.. کۆوار

بکەن و لە ژووری بەرێوەبەرەکە لەگەڵی دابنیشن.
جگە لەو خاڵانەش پێویستیان بە دان بەخۆداگرتنێکی زۆرە.

* من کچێکم ماوەیەکە هەست بە مۆتەکە و خەمۆکییەکی زۆر دەکەم، لەگەڵ ئەوەش بـەردەوام خەفتبار و حەزینم، بەردەوام دەگەرێم و لەناوخۆمدا حەز بە خۆکوشتن دەکەم، هەست دەکـەم مردنم باشترە لەوی بژیم و ژیان بۆ من بێ مانایە.
ئەم حاڵەتەش بۆ من هەموو مانگێك دووبارە دەبێتەوە و هەستیش ئەکەم پەیوەندی بە سوری بێ نوێژی مانگانەم نییە، لەوەش ئەترسم رۆژێك بێتـە سـەرم و خـۆم بکـوژم، چـونکە ئـەو حاڵەتە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، چی بکەم؟

_ لێرەوە رێگـە بـدە بـەر لـە وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکەتان و بـەر لـە گـەران بـەدوای چارەسەری پێناسەی هەردوو چەمکی حوزن و خۆکوشتن بکەین و دواتر بچینە سـەر کێشەکە.

حوزن: لـە زۆر لێکۆڵینـەوەکان، کەسـی حـەزین و خـەفتبارێکی گـەورە بـەو خاڵانـە دەناسرێتەوە:

1_ سنگ تەسکی.
2_بارگاوی بە وەهم و هەمیشە هەڵگری قورسایەکە لەسەر سنگی و هەست دەکات ناتوانێ خۆی بەرزبکاتەوە.
3_ رۆیشتنی خاو خلیسک و قورسە.
4_ زیاتر سەیری خوارەوە دەکات، لەوێ تەماشای سەرەوە بکات.
5_ دەم و چاوی کرژاوی و دراوە بەیەکدا.
6_ بێزارە لە کاتی قسەکردن و هەرکاتێکیش قسەی کرد نوزەیەك لە دەنگی بەدی دەکرێ.
7_ هەمیشە رەشبینە.
8_ لەتەك دیواردا دەروا و حەزیش دەکات لە ناوەراستی جادە رێ بکات.
9_قسەکردن و دێرەکانی ئازاردەرن و هەمیشە خەم لەو زەمەنە دەخوا کە گۆراوە و هیچ بۆ ئەو نەماوەتەوە جگە لە ژیانێکی ناخۆش.
10_هەمیشە ئاخ هەڵدەکێشێ.

ئازیز.. زۆرێك لە خەڵکی دڵگران لەوەی کە هەست بە حوزن و خەمباری دەکەن،



نـەوەك بـەس (تـۆ)، هۆكارەكانیشی بۆ چەند شتی جیاواز دەگەڕێتـەوە، لەوانــە هۆكــاری دەروونـــی و كۆمەڵایــەتی و ئــابووری و هەڵــچوونە ناوەكیەكان، لێرە ئەكرێت هەندێكیان بخەینە روو.

1_هەندێك خەڵكی كە بەیانیان لە خەو هەڵدەستن، هەست بە حوزنێكی زۆر دەكەن، نازانن هۆكارەكەی چییە، رەنگە هۆكارەكەشی ئەوەبێت كە شەو لە خەودا خەونێكی ناخۆش ببینێ، كە بەیانیش لە خەو هەڵساوە، خەونەكەی بیرچووبێ و كاریگەری لەسەر دەروونی جێهێشتبێ و هەست بە غەم و بێتاقەتیەكی سەیربكات.

2_ زۆرجار هەندێك لە خەڵكی پێشبینی شەڕدەكات و هەست بە حوزن و وەهمێكی كوشندە دەكات.

3_ زۆرێك لـە خـەڵكی هەسـت بـە دڵەڕاوكێیـەكی سـەیر و گـەورە دەكـەن بەرامبـەر دوارۆژ و لــە دەســتدانی كارەكانیــان، یــان ترســان لــەباری تەندروستی و تووش بوون لە دۆڕاندن و ئیفلاس كردن، لە كاتێكدا كە ڕەنگە ئەمەشی بەسەر نەیەت، بەڵكو ئەم پێشبینیكەرە لەناوەوەیدا لەدایك دەبێت و تووشی ئازار و ترس و حوزنی دەكات.

4_ یـەكێك لـە نزیكـەكانی خـۆی (خێـزان یـان برادەرێكـی خۆشەویـست) تووشی كارەساتێك دێ، ئەو هەست بە حوزنی و ترسانێكی زۆردەكات.

5_ زیـاتر هـەرزەكاران تووشـی ئـەو حوزنـە دێـن، ئەمەشیان بـەهۆی لـەپڕ كرانەوەی لەگەڵ دونیای دەرەوەدا.

6_ترسان لە جودابوونەوە لە ژیانی هاوسەریەتی یان مەرگ، ئەمەشیان مرۆڤ تووشی هەڵچوون و دڵەراوكێ و خەمۆكی دەكات.

7_ ترسـان لـە روودان و هەڵگیرسـانی شـەڕو كارەسـاتی سروشـتی، كـە ئەمەشیان لە كاتێك دەبێ كە مرۆڤ گوێبیستی هـەواڵی پڕ لە كارەسات دەبێت لە شوێنە جیاكان.

8_ ترسان لە شێوانی دەم و چاو و ئیفلیج بوون، ئەمەشیان لە كاتێكدا كـە دەترسـێ تووشـی كارەسـاتی ئۆتۆمۆبێـل، یـان سـووتان یـان هـەر كارەساتێكی تر دەبێت.

9_ ترسان لە دۆڕانـدن، ئینجا ئەو دۆڕاندنە لە ئەزموون بێـت، یان لـە پەیوەندی خۆشەویستی و هاوسەریەتی بێت.

ئەمانە بەشێك بوون لەو هەستكردنە، كە مرۆڤ تووشـی دێ، رەنگە ئەوەی تۆش بەشێك بن لەوانەی خستمانە روو، تۆش هەستی پێبكەی، بۆیەش بـۆ دەربـازبوون لـەو حوزنـە پێویـستت بـە چارەسـەری دەروونـی هەیـە، باشـترین شـتیش ئـەوەبوو كـە لەناوتـدا دەرتهێنـا و باسـتكرد. ئەمـەیان هەنگاوێكـە بـۆ چارەسـەر، ئـەوەش بزانـە بیركردنـەوە لـە خۆكوشـتن، نیـشانەیەكە لـە نیـشانەكانی خـۆ دورخـستنەوە لـە چارەسـەركردنی كێـشەكان و ئەمـەش مـرۆڤ والێـدەكات لەگـەڵ خـۆی شـەڕانگێزبێت.

لێرەشەوە دەچینە سەر بابەتی خۆكوشتن.

خۆكوشتن:

هەندێك لـە خـەڵكی دەیانـەوێ كۆتـایی بـە ژیـانی خۆیـان بهێـنن، ئەمـەش بەهۆی هەندێك شتی كوشتار، لەوانە بەكارهێنانی ماددەی ژەهراوی یان بریندارکەر، یانژی كارەبا و خۆ فڕێدان لە شاخەوە.

لێرەشەوە دەكرێت بڵێن خۆكوشتن كۆمەڵێك هۆكاری هەن، كە مرۆڤ پـەنای دەباتە بەر لەوانە:

1- زۆرجار مـرۆڤ مامەڵـەی خراپـی لـە نێوان خێـزان یـان قوتابخانـە، یـان كۆمەڵگای لەگەڵ دەكرێ و ناچاری دەكات هەست بـەداڕوخان بكات و كە لە خۆی بڕوانێ وەهەست بكات لە نێو كۆمەڵگە، كەسایەتیەكی زیادە.

2- لەرووی پزیشكیەوە، زۆرجار كەسێك كە لە ئەشكەنجەدایە، یان بێـزار دەبـێ، لـە نێـو لەشـیدا ماددەیـەكی كیمیـایی دەردەدات پێـی دەگـوترێ (سـلیروتونین) كـە دەبێتـە هـۆی بـێ بەشـبوون لـە خـەو و بێتاقـەتی و بێزاریـەكی گـەورە، بۆیـەش لـە لێكۆڵینـەوەكان هـاتووە، ئـەو كەسـەی كـە خۆی دەكوژێت، ئەو ماددەیەی زۆرە.

3- بۆشایی لە پەیوەندی كۆمەڵایـەتی خاڵێكی دیكـەی بەرچاو و گرنگـە، كە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ بەرەو خۆكوشتن ببات.

بەشێوەیەكی گشتی نیشانەكانی كەسێك، كە ئارەزووی خۆكوشتن دەكات بریتین لە:

1- كەمی نان خواردن و لەدەستدانی ئارەزووی خۆراك.

2- حەزكردن لە تەنهاییەكی زۆر.

3- خراپی یادكردنەوە و تەركیزكردن.

4- هەست كردن بە لەدەست دانی خۆشەویستی و سۆز.

5- بەردەوامی لە دۆڕانـدن، جا ئەو دۆڕاندنـە لـە قوتابخانـەبێت، یان لـە خۆشەویستی، یان لەهەر كارێكی دیكەی رۆژانە.

6- تووش بوون، بە هەندێك نەخۆشی، كە چارەسەری قورسە.

7- كەوتنە نێو كێشەی خێزانی، یان هـەر كێشەیەكی دیكـەی تایبـەت بـە ژیانی رۆژانەی خۆی.

8-هەست كردن بە غەمباری و لە دەستدانی ماف.

9-هەست كردن بە غەمۆكی و لەدەستدانی خۆشەویستانی.

10-بەردەوام ترسان لە تەنهایی و دواڕۆژ.

11-گـوێ نـەدان بـە جـل و بـەرگ و روخـساری دەرەكـی خـۆی، بـۆ دەربـازبوونیش لـەو خاڵانـە، زەرورە ئـەو كەسـانە لـە رووی خێـزان و خۆشەویـستی و سـۆزەوە یارمـەتی بـدرێن و بـەردەوام بـچنە دەرەوە بـۆ گەشت و گوزار، ئەمەش لـە رێگـەی ئەو كەسانەی، كە لێیانـەوە نـزیكن و پێویستە لەگەڵیان ماندووبن.

ئازیز: بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشەی تۆ، ئەو خاڵانە رەچاوبكە:

1- هـەوڵ بـدە رۆژانـە لـە كارەكانـت دووبارەبوونـەوە نـەبێت و بـەردەوام هەوڵبدە لە گۆڕان بیت.

2- نزیـك بـەرەوە لـە بـرادەرە خۆشەویـستەكانت، لەگـەڵ ئاخـافتنی زۆری خێزان.

3- هەوڵ بدە قورسایی لە شت دانەبەزێنی و ئارەزووی خواردن بكە.

4- بەهێز بە لەوەی، كە هەست بە دۆڕاندن نەكەیت.

5- هەر كاتێك بێزاربوویت، هەوڵ بدە شوێنت بگۆڕی.

6- بەسەر هەڵچوونەكانت بشكێوە و توڕە مەبە.

7- لەو شوێنە دووربكەوە، كە باسی مەرگی لێدەكرێت.

8- بەهێزبـە لـەوەی، كـە هەسـت بـە غـەمۆكی نەكـەیت و هـەر كاتێـك ئـەو هەستەت بۆ هات، خۆت بە شتێكی تر خەریك بكە.

9- لەو شوێنانە دامەنیشە كە تاریكن.

10- گوێ لەو گۆرانی و مۆسیقایانە مەگرە، كە بارگاوی كراون بە حوزن.

11- گرنگی بە خۆت بدە لە جل و بەرگ و خۆ جوانكردن ئازابە.

12- لەو شوێنە دووركەوە، كە باسی كێشەی لێدەكرێ.

13-لەو كەسانە نزیك بەرەوە، كە لەگەڵیان خۆشحاڵ دەبی.

14-هـەوڵ بـدە لـەنێو پەیوەندییـە بارگـاوی كراوەكـان و كێـشە و حـوزن دووربكەویتەوە و بەهێز بە لە بیركردنەوە و بیرەوەری ناخۆش.

**ئـــــاداری**

2006

# چوار پرسیار، چوار وەڵام

**بە مەبەستی ئاشنابوونی خوێنەران بە چەند بابەتێکی پەیوەندار بە سێکس و هەندێک پرسیاری شاراوەی پەیوەست بە ژیانی نێوان ژن و پیاو، (پشووی کۆوار) هەرجارەو وەڵامی پێویستی چەند پرسیارێکی تایبەت بە کێشە سێکسیەکان دەداتەوەو زێدەریش بۆ ئەو وەڵامانە کۆمەڵێک راوێژکارو پسپۆڕن بەو مەسەلەیە لەگەڵ سود وەرگرتن لە ئینتەرنێت.**

***من ئافرەتێکی تەمەن 19 ساڵانم و مومارەسەی (خوی نهێنی) دەکەم، پاش مومارەسەکردن و یاری کردن بە دەزگای سێکسیم، شلەیەکی سپی شێوە بەستوو لە دەزگاکەم دەهێتە خوارەوە، جگە لەمەش کاتێک لەگەڵ دەستگیرانەکەم دادەنیشم هەست بە هیچ کاریگەریەکی سێکسی ناکەم، بۆیەش دەترسم (ساردی سێکس)م هەبێت، تکایە هاوکاریتان لە وەڵامدانەوە؟**

–ئەو شلەیەی کە لەکاتی کاریگەری سێکسی دەهێتە خوارێ، نە سپی یە، نەشێوە بەستووە، بەڵکو ئەمەیان نەخۆشییەکی هەستیارە لە عەرەبی پێی دەگوترێت (فطريات) و ڕەنگە (ئەلونیلیا) بێت، بۆیەش پێویستە دەرمانی دژ بەو نەخۆشیە وەربگریت، کە بریتین لە (ئەلسبورانکوس، یان دیفلوکان) سەبارەت بە (ساردی سێکسی) لە ژمارەکانی تر باسمان کرد، کە بە دانیشتن لەگەڵ دەستگیرانەکەت ئەمە بە دیاری ناکەوێ، بەڵکو بەر لەهەموو شتێك سۆز و دواتریش لە کاتی مومارەسەی پێش کرداری سێکسی بەدیاردەکەوێ.

***من لە تەمەنی 23 ساڵی ژیانی هاوسەریەتیم لەگەڵ ئافرەتێک پێکهێناوە و ئێستا تەمەنم 44 ساڵانەیە، لەو ماوەیەدا رۆژانە لەگەڵ هاوسەرەکەم جووت دەبووین و جاریش وابوو لەیەك رۆژ دوو جار کرداری سێکسیم ئەنجام دەدا، بەلام ئێستا هەست ئەکەم لە کاتی مومارەسەدا شلەیەکی زۆر کەمتر لەجاران لە کاتی تەوابوونم لە کرداری سێکسی، لە دەزگای سێکسیم دێتە خوارەوە. جگە لەمەش فشارێکی کەمم (ضغط في الدم) لە خوێندا هەیە و رۆژانە (کوزرتان) دەخۆم، ئایا هۆکاری چییە؟**

– تەمەنت هێشتا بچووکە، بەلاّم بیرت نەچێت لەو تەمەنە هێندێك گۆڕانکاری لە مرۆڤدا روودەدات، وەك کەمی فرێدانی شلە (سائل المنويي) لە کاتی تەواوبوون لە کرداری سێکسی، جگە لەمەش تا تەمەن روو لە زیادبوون بێت کرداری حەزکردن لە نێوان دوو مومارەسەی یەك لەدوای یەك کەمتر دەبێت.



*** ئایا ئافرەت لە کاتی شایی و سەما و غارغارێندا، پەردەی کچیەتی دەدوڕێنێ، چونکە من لە تەمەنی 22 ساڵییەوە بەردەوام ئارەزوم لە غارغارێن و سەمایە، ئایا ئەمە کاریگەری نییە لەسەر پەردەی کچیەتیم؟**

– نەخێر غارغارێن و شایی و سەما پەردەی کچیەتی نادۆڕێنن، ئەگینا هەموو ئەوانەی کە سەما وغارغارێن ئەکەن دەبوایە کچیەتیان بدۆڕاندبایە.

***کێشەی من پەیوەندی بەو خوێنەوە هەیە، کە لە پاش نەمانی پەردەی کچیەتی دەتکێ، من 6 رۆژە ژیانی هاوسەریەتیم لەگەڵ کوڕێکی تەمەن 28 ساڵان پێك هێناوە و خۆشم تەمەنم 26 ساڵانەیە، بەلاّم پاش نەمانی پەردەی کچیەتی بەردەوام لە کاتی کرداری سێکسیدا خوێنم لێدەتکێ، کە 6 رۆژ دەبێت، هەرچەند مێردەکەم دەڵێت شتێکی ئاساییە، بەلاّم بۆماوەی 6 رۆژ رەنگە ئاسایی نەبێت، ئێوە چی دەڵێن؟**

– پاش 6 رۆژیش زۆر ئاساییە ڕژانی خوێن، چونکە ناوەوەی دەزگای سێکسی ئافرەت پاش نەمانی پەردەی کچیەتی برینداردەبێت، بۆیەش خۆتان سەغلەت مەکەن، بەلاّم باشترین چارەسەر ئەوەیە، کە بۆماوەیەك کرداری سێکسی ئەنجام نەدەن، تاکو برینەکەتان ساڕێژ دەبێ، بۆیەش بەردەوام پزیشکانی تایبەت ئامۆژگاریمان دەکەن، کە دوای نەمانی پەردەی کچێنی بۆ ماوەی 48 کاتژمێر کرداری سێکسی ئەنجام نەدەین، دوای ئەو ماوەیە ئاسایی دەبێتەوە.

# ئایا کاتی دیــاری کراو بۆ سێکس کردن هەیــە؟

شاناز سەتار حەسەن



زۆرجار گوێمان لەو پرسیارە دەبێت، کە ئایا لە هەفتەی چەند جار جووتبوون و کرداری سێکسی تەندروستە؟ ڕەنگە زۆری ئەو پرسیارە و پەرش و بڵاوی وەڵامەکان جیاوازی لە ڕا دروست بکات، بۆیەش زۆر جار زێدەڕۆیی لە وەڵامەکان دەکریٚ، بۆ نموونە هەیە دەڵێت "ڕۆژی چوار جار لەگەڵ هاوسەرەکەم کرداری سێکسی ئەنجام دەدەم!" هەندێکیش پێیان وایە بەپێی پێویست بێت و ئەگەڕێتەوە بۆ وزەی کەسی سێکسکار.

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوە زانستیانەی، کە ئەنجام دراون، (خالید مونتەسڕ) لە ماڵپەری (ئیلاف) باس لە لێکۆلینەوەیەك دەکا، کە هەریەکێك لە (کینزی) و (بیل) و (هینت) و (لیفین) و (ترۆسێل) ئەنجامیانداوە، دەردەکەویٚ کە لە وڵاتە یەکگرتووەکان کەسێکی تەندروست دوو یان سیٚ جار لە هەفتەیەك کرداری سێکسی لەگەڵ هاوسەرەکەی ئەنجامدەدا. ئەمەیان بۆ تەمەنی نێوان 20 و 30ساڵی، بەڵام پاش ئەو تەمەنە کەم دەبێتەوە و لە پاش 50 ساڵیش لە هەفتەی یەك جار، یان کەمتر کرداری سێکسی ئەنجام دەدریٚ.

بە دڵنیاییەوە لەو لێکۆلینەوەیەش جیاوازی کەسەکان خراوەتە ڕوو، بۆ نموونە گەنج هەیە لەیەك ڕۆژ دووجار ئەو کردارە ئەنجام دەدات، گەنجیش هەیە هەموو ڕۆژیٚ یەکجار، بەڵام بیرمان نەچێت کرداری سێکسی بەپێی کەس و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری گۆڕانی بەسەردادیٚ.

بەڵام سەبارەت بە گەیشتن بە حاڵەتی (ئۆرگازم)، کە لە کاتی سێکس کردندا، (ژن و مێرد) دەیگەنیٚ، ڕەنگە جێگای هەڵوەستە بیٚ و زۆرجارانیش دەووتریٚ لەنێو ژیان و هاوسەریەتی ڕۆژهەڵاتیەکان نایگەنیٚ. بەواتایەکی دیکە زۆرێك لە ئافرەتان هەن بەردەوام لەگەڵ هاوسەرەکانیان کرداری سێکسی ئەنجام دەدەن، وەلیٚ هەرگیز ناگەنە (ئۆرگازم) کە لوتکەی چێژ وەرگرتنە لە سێکسدا.

بۆیەش زۆرجار ئافرەتان لەوە دڵگرانن کە (سێکس) چێژی نییە و لەکاتی سێکسکردندا، جگە لە ئازار مانای تری نییە.

بەداخەوە لای زۆرێك لە پیاوان کرداری سێکسی جگە لە خۆبەتاڵ کردن مانایەکی دیکەی نییە، یان وەك ئەوە وایە میز بکەن، واتە وەك کردارێکی فیزیایی پیاوان زوو دەگەنە ئۆرگازم، بەڵام لەنێو ئافرەتان گەیشتن بە ئۆرگازم نادیارە و پێویستی بە یارمەتی دانی پیاو هەیە.

بۆیەش زۆرێك لە پیاوان لە کۆمەڵگەی ئێمە پێیان وایە کاتێك لە دەزگای سێکسی ئافرەت شلە هاتە خواریٚ، گەیشتۆتە ئۆرگازم، بەڵام ئەوە تێڕوانینێکی هەڵەیە و ئەو شلەیە لەکاتی دەستپێك و ئامادەبوونی ئافرەتان بۆ سێکس دەڕژیٚ، نەوەك گەیشتن بە ئۆرگازم.

لەو لێکۆڵینەوە، (کینری) پێی وایە پیاوان لە هەموو چاوپێکەوتنێکی سێکسی دەگەنە ئۆرگازم، بەڵام (هینت) پێی وایە 8٪ی هاوسەرەکان، کە لە تەمەنی 45 ساڵانی دان لەکاتی چاوپێکەوتنی سێکسی ناگەنە ئۆرگازم و 7٪ی ئەوانەی لەنێوان تەمەنی 24–44 ساڵانەن لە چاوپێکەوتنی سێکسی دەگەنە ئۆرگازم.

ئەو ئامارە ئەوە ناگەێنێت، کە پیاوان (ئاوگ) فڕیٚ نادەن و لەو کێشەیە بێتاقەتن، چونکە پیاوان دەتوانن لەچەند ڕێگەی جیاوازەوە بگەنە ئۆرگازم و پێویستی بەیەك جۆر کردار نییە و دەتوانیٚ لە ڕێگەی یاریکردن و پێشوەختەی کرداری جووتبوون، بگەنە ئۆرگازم و چێژ بە ژنەکانیان بگەێنن.

هەرچی پەیوەندی بە ئۆرگازمی ئافرەتانەوە هەیە، (کێنری) لەو لێکۆڵینەوەیە باس لە 4 ئافرەت دەکا، کە پاش یەك ساڵ دوای ژیانی هاوسەریەتی نەگەیشتوونەتە حاڵەتی( ئۆرگازم) و پاش 20 ساڵ دەڵێن ڕێژەی گەیشتن بە ئۆرگازم گەیشتۆتە 11٪ لەلای (هینت)یش 53٪ لە هاوسەران چێژ لە کرداری سێکسی وەردەگرن و لەماوەی 15 ساڵ لە ژیانی هاوسەریەتی ئەزموون لە چۆنیەتی گەیشتن بە ئۆرگازم وەردەگرن.

لێرە پرسیارەکە ئەوەیە، لە کاتێکدا لەنێو ڕۆژئاوایەکاندا، کە پرسیارکردن لە سێکس ئاساییە و وشیاری سێکسی فەراهەمە، کەچی ئەو هەموو کێشەیە بەدی دەکریٚ، ئەوە لەنێو ڕۆژهەڵات بە گشتی و کوردستان دەبیٚ چۆن بیٚ، لە کاتێکدا پرسیارکردن لە سێکس و قسەکردن لەو ڕووەوە لەوپەڕی عەیبە و بڤە خۆی دەدۆزێتەوە.